



ماکسیم ڕۆدنسۆن
وەرگێڕانی: بابان ئەنوەر

# ئیسلام و سەرمایەداری

## (1)
## دەستنیشانکردنی کێشەیەك

ئیدی ئێستا لای هەموو کەس ڕوونە کە کێشەی وڵاتە دواکەوتووەکان و گەشە لاوازەکان، و جیاوازیی و گاپی گەورەی نێوان گەشانەوەی جیهانی کۆمەڵگە پیشەسازییەکان و جیهانێکی دیکەی پڕ لە برسێتی کە باقی مرۆڤایەتیی دەرەوەی جیهانیی گەشاوە لەوێدا دەژین و لە ململانێی مان و نەماندان، کێشەیەکە لە دوو یان سێ کێشە گەورەکەی ئەم سەردەمەمان، لێکۆڵینەوە و گفتوگۆش لە بابەتەکە بۆخۆی واتە وروژاندنی زنجیرەیەک لە پرسیاری دیکەی سەرەکی. ئەوەی بە جیهانی سێیەم ناونراوە، هەموو خەم و نیگەرانییەکی بریتییە لە گەیشتنەوە بە جیهانی پیشەسازی -لانی کەم لە هەندێک ڕووەوە- و بەدیهێنانی یەکێک لە نموونەکانی ئەو جیهانە پیشەسازییە یاخود زیاتر لە نموونەیەکی. بەدیاریکراوی مەبەست لەمە چییە؟ تا چی ئاستێک پێویستە دوای گەیشتنەوە بەو جیهانە پیشەسازییە بکەوین هەتاوەکو بگەینە ئەو گەشانەوە و خۆشگوزەرانییەی کە دەمانەوێت؟ ئایا ئەوە دەهێنێت خەڵکی جیهانی سێ هێندە بە شوێنییەوە بێت کە تەنانەت قوربانیی بە بەها پیرۆز و خۆشەویستەکانیشی بدات، ئەو بەهایانەی بوونەتە مایەی خوڵقاندنی تایبەتمەندیی و خەسڵەت و شوناسی ئەم جیهانە [جیهانی سێ]؟ ئایا هەر بەراستی ئەوە بەهاکانی ئەم جیهانەیە کە بۆتە مایەی ئەو دواکەوتنەی ئێستا وەک ڕۆژی ڕووناک دیارە؟ [ئایا ئەگەر وەهایە] هەموو شوناسەکان هۆکارن یان تەنها بەشێکیان؟

ئەمە ئەو پرسەیە کە لە هەموو شوێنێک مشتومڕی لەسەر کراوە، مشتومڕێکی پڕ لە دڵگەرمیی و تامەزرۆیی وەها، کە تەنها مەگەر لەو بابەتانەدا ببینرێت کە بابەتی چارەنووسساز و زیندوون بۆ هەمووان. ئەوەش بابەتێکی جێگەی مشتومڕە بە شێوەیەکی تایبەت لەم بەشە هەرە گرنگەی وڵاتانی گەشەلاواز و دواکەوتوو، کە مەبەستمان جیهانی ئیسلامییە، یاخود بەدیاریکراوی: ئەو جیهانەی بەدرێژایی ئەم چەندین سەدەیەی دوایی ئایینی ئیسلام ئایینی باڵادەست و هەژموونداری بووە تێیدا، وەها دەستنیشانکردنێکی ئەم ناوچەیە هیچ زیادەڕۆییەکی تێدا نییە، لەبەرئەوەی خودی یەکبوون و یەکێتیی ئەم جیهانە لەسەر هەموو ئاستەکان جێگەی پرسیار و مشتومڕە. مشتومڕەکەش لە سەرتاپای ئەم وڵاتانەدا لە دەوری کۆمەڵە مانایەکی بنەڕەتی دەسووڕێتەوە: **گەشەپێدانی ئابووری، سۆسیالیزم، سەرمایەداری، ناسیۆنالیزم، ئیسلام**. بە چی ڕێگەیەک دەتوانرێت ئەم چەمکانە پێکەوە ببەسترێنەوە؟ هەر هەنگاوێکی بنەڕەتی، تەنانەت ئەگەر هەنگاوێکی ڕاستەوخۆ و کردارەکیی و ڕۆژانەییش بێت، پێویستی بە زۆرترین ڕوونکردنەوە و خستنەڕووی چارەسەر هەیە. کارکردنی فەرمانڕەوایان و بەرنامەڕێژیی پیاوانی سیاسەت و خاوەن «ئایدۆلۆژیاکان»، بە گوێرەی ئەو وەڵامانەیە کە بەرامبەر ئەو پرسیارە دایاناوە، جا ئەم وەڵامە وەڵامێکی ڕوون و ئاشکرا بێت یاخود پەنهان و لەژێر لێوەوە بێت، وەڵامێکی عەقڵانیی بێت یان عاتیفی و پڕ لە هەڵچوون، تیۆریی بێت یان پراگماتیکی.

لەڕاستیدا ئەم بابەتە ئەوە هەڵناگرێت کۆمەڵە بابەتێکی بۆ زیادبکەین کە لە سنووری زەمەنی ئێستا تێپەڕیبێت، و ڕوو بکەینە کۆمەڵە گفتوگۆیەکی دیکە، کە زیاتر هەڵگری خەسڵەتێکی تیۆری و بنەماییتر (fundamental) بن و بەستەر و پەیوەندییەکانی نێوان چالاکییە ئابوورییەکان و چالاکییە سیاسییەکان و باوەڕی ئایینی و نائایینی و نەریتی کولتووری لەخۆبگرن. لێرەدایە کە تیۆرییەکان بەر یەکتر دەکەون و فەیلەسوفان و کۆمەڵناسان و زانایان دێنە ناو گۆڕەپانەکە و بیروبۆچوون و هەڵوێستەکانی خۆیان دەخەنەڕوو، گومان لەوەشدا نییە ئەم مشتومڕانە بەشێکیان ئیلهامیان لەو واقیعە وەرگرتووە کە لێیانکۆڵیوەتەوە (یان کە گریمانەی ئەوە دەکرێت لێی بکۆڵنەوە!)، بەڵام بەشێکی دیکەیان ئیلهامیان لە وەهم و بەرژەوەندی و خواستە تایبەتییەکانی ئەو ژینگەیە وەرگرتووە کە تێیدا دەژین، یاخود لەو فۆڕمولە فکرییانەی لە پێشینانیانەوە بۆیان بەجێماوە، ئەمە لەکاتێکدا بەشێکی زۆریان سەرچاوەی ئیلهامی بیروبۆچوون و هەڵوێستەکانیان دەگەڕێتەوە بۆ خواستی دەرکەوتن لەناو هەر هۆڵێکی کۆبوونەوە و قسەکردن لەسەر هەر مەنەسە و بڵندگۆیەکی وتاردان. بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا دەتوانین جارێکی دیکە لەنێو هەموو ئەو بۆچوون و هەڵوێستانەدا، هەمان ئەو ئاراستە و بۆچوونە گشتییانە بدۆزینەوە کە ململانێیەک هەیە لەنێوانیاندا سەبارەت بە تێگەیشتن لە دیاردەکانی کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی.

ئەم بەرهەمە هەوڵێکە بۆ بەشداربوون لە ڕۆشنکردنەوەی ئەو کێشانە، کە پێکڕا دیاردە هەنووکەییەکان و پرسە بنەڕەتییە گەورەکان لەخۆدەگرێت. لەبەرئەوەی من لە گۆشەنیگایەکی تایبەتەوە دەستمکردووە بە شیکردنەوە و خستنەڕووی چارەسەری ئەو کێشانە، لە دەمی نووسینی خۆمدا نەمدیوە ئەم گۆشەنیگایە بە جارێک ببێتە جێگەی وروژاندن و خستنەڕووی مشتومڕی هەموو پرسیارەکان.

پرسی پەیوەندیی نێوان سەرمایەداری و ئیسلام، لەلایەن موسوڵمانان و ڕۆژهەڵاتناس و ئابووریناس و مێژوونووسە ئەورووپییەکانەوە گفتوگۆی لەسەر کراوە. لەڕاستیدا ئەمە گفتوگۆیەکی بێ بەها و پوچ نەبووە لەناو بۆشاییدا: موسوڵمانان -لەژێر پاڵنەری ئایینداری یان نەتەوەخوازییدا (ناسیۆنالیزم)، یان هەردووکیان پێکەوە- سووربوون لەسەرئەوەی بیسەلمێنن کە نەریتە ئایینییەکەیان هیچ میتۆدێکی مۆدێرن یان پێشکەوتووخوازی ئابووری هەڵناگرێت و وەرناگرێت[1]، یاخود باس لەوە دەکەن کە ئەم نەریتە ئایینییە هەر خۆی بە ئاراستەی دادپەروەرییەکی ئابووری و کۆمەڵایەتیدا دەڕوات[2]. بەڵام زانا ئەورووپییەکان، ئەوانەی بە چاوێکی سیمپاتیی و دۆستانەوە دەڕواننە ئیسلام، یەکێک لەو دوو بۆچوونەیان وەرگرتووە[3]، بەڵام ئەو زانا ئەورووپییانەی بە چاوی ڕق و کینەوە تەماشای ئیسلام دەکەن (کە کۆمەڵێک بانگەشەکاری نەزان بەبێ هیچ بنەمایەکی زانستی دوایان کەوتوون) هەوڵدەدەن بیسەلمێنن کە ئیسلام دەست و پێی شوێنکەوتووانی خۆی بەستووە و ناهێڵێت هیچ دەستپێشخەرییەکی

ئابووریــی پێشــکەوتووخوازانەیان هەبێــت، و دانیشــتن و ڕاوەســتان و نەجوڵانــی بەســەردا ســەپاندوون[4]، یاخــود هەندێکــی دیکەیــان (لــە ڕاڤەیەکــی دواکەوتــووی هەمان بۆچووندا) خۆیــان مەڵاســداوە بــۆ خســتنەڕووی ئــەو بۆچوونــەی بــاس لــە هاوپەیمانێتییەکــی شــەیتانی نێــوان ئیسلام و کۆمۆنیزمــی بــە جەوهــەر شــەیتان و گەنــدەڵ دەکات[5]. دەتوانیــن چارەســەری لای ئــەم دوو خاڵــەی کۆتایی ببینیــن کــە بریتییــە لــە ڕووبەڕووبوونــەوەی ئــەم گەلــە موســوڵمانانە لەپێنــاو پێشــکەوتنی شارســتانێتی بــە شــێوەیەکی گشــتی. تێبینیــی ئــەوە دەکەیــن هەمــوو ئــەم هەڵوێســتانە، بــە گشــت لێکدژییەکانیانــەوە، دەگەڕێنــەوە بــۆ ئــەم گریمانــە پێشــوەختە شــاراوە و پەنهانــە: کۆمەڵگــەکان -واتــە خەڵکــی بەگشــتی لــە ســەردەمێکی دیاریکــراو و ناوچەیەکــی دیاریکــراودا- هەمیشــە پەیوەســتبوون بــە بیروبــاوەڕ و دۆکترینێکــی پێشــوەختەوە کــە لەســەروو خۆیانــەوە [و لــە دەرەوەی خۆیان] بەسەریاندا سەپێندراوە، ئیدی پەیوەستبوون بە ئامۆژگارییەکانییەوە و بەبێ هیچ گۆڕانێکی جەوهەری، ڕۆحی ئەو بیروباوەڕەیان هەڵگرتووە، بەبێ ئەوەی بیر لەڕادەی گونجاویی یاخود نەگونجاویی بکەنەوە لەگەڵ بارودۆخی ژیانیان، یاخود بێ ئەوەی بیر لەوە بکەنەوە تا چەند ئەو ژینگە و بارودۆخە واقیعییە بە شێوەیەکی شاراوە و نەبینراو بۆتە شێوازێکی بیرکردنەوە بۆی. ئــەم گریمانــە پێشــوەختەیە، کــە زۆرینــەی پشــتیوانانی ئەو بۆچوونە بەتەواوی لێی بەئاگا نین -لە ڕوانگەی منەوە- بۆتە مایەی گەندەڵبوون و پووچبوونەوەی خودی بابەتی گفتوگۆکە. بەڵام هەرچۆنێک بێت من ئایدیا و بیروبۆچوونەکانیان دەخەمەڕوو، بە چاوپۆشین لەم نارەزایەتییە بنەڕەتییەم[م]، لەبەرئەوەی هەموویان قبووڵیان نییە.

تەنها ژمارەیەکی کەم نووسەری جدیی، کە زۆرینەیان هەڵگری ڕوانگەیەکی مارکسیستیین، بە شێوەیەکی بێلایەنانە پرسەکەیان خستۆتەڕوو، لە هەمان کاتدا بە گوێرەی ڕوانگەیەکی کۆمەڵایەتیی دروستتری پەیوەندیی نێوان مەزهەب و ئایدۆلۆژیاکان لەگەڵ واقیعی کۆمەڵایەتییدا، باسیان لە پرسەکە کردووە[6]. ئەوانە دەپرسن: بۆچی سەرمایەداری لە سەردەمی مۆدێرندا لە ئەورووپا سەرکەوتنی بەدەستهێنا، بەڵام لە وڵاتانی دیکە سەرکەوتنی بەدەستنەهێنا، بە

**قورئان کتێبێك نییە دەربارەی ئابووریی سیاسی، هەربۆیە بێهودەیە لەناو ئەو کتێبەدا بە دوای ئەوەدا بگەڕێین ئایا پشتیوانیی لە سەرمایەداری کردووە وەك سیستەمێکی ئابووری، یاخود سەرکۆنەی کردووە.**

وڵاتە ئیسلامییەکانیشەوە؟ لە هەمان کاتیشدا دەپرسن بۆچی سەرمایەداریی ئەوروپی توانی بەم شێوە ئاسانە جیهانی ئیسلامیی داگیربکات و بتەنێتەوە؟ ئایا ئیسلام لە ڕابردوودا (یان لانی کەم کەلەپووری شارستانیی و فەرهەنگیی وڵاتە ئیسلامییەکان) یاخود لە ئێستادا، توانیویەتی/دەتوانێت هاوکار بێت لە سەرکەوتنی سەرمایەداری یاخود سەرکەوتنی سۆسیالیزم، یان هاوکار دەبێت بۆ بەردەوامبوونی ئابوورییەکی دواکەوتوو لە شێوەی مۆدێلی «دەرەبەگایەتی»، یاخود نەخێر دەبێتە پاڵنەرێک بۆ دەرکەوتنی ڕێگەیەکی دیکەی نوێ، بۆ سیستەمێکی ئابووریی جیاواز و تایبەت بە خودی خۆی؟

## سەرمایەداری چییە؟

ڕەنگە جێگەی سەرسوڕمان بێت کە زۆرێک لەوانەی لە بابەتی سەرمایەدارییان کۆڵیوەتەوە (کە سوپایەکی بێشوومارن)، هەوڵیان نەداوە پێناسەیەک بۆ ئەو چەمکە دابنێن کە بەکاریدەهێنن، واتە چەمکی سەرمایەداری. بەڵام لەڕاستیدا ئەمە زیاتر ئەو کەسانە تووشی شۆک و سەرسوڕمان دەکات کە وێنەیەکی ڕووکەش و سادەیان لە زەیندایە دەربارەی زانست و زانایان. یەکێک لە ئامرازە هەرە بەربڵاوەکانی گەوجاندن و تاریکاندن و چەواشەکاری لەم سەردەمەدا، بریتییە لە بەئەنقەست تەڵخکردن و تەمومژاویی کردنی چەمکە بەکارهێندراوەکان و قۆستنەوە و بەکارهێنانی ئەم تەڵخیی و ناڕوونییە. پێویستە بە گەڕانەوە بۆ میتۆد و ڕێبازی سەدەی هەژدە بەرپەرچی ئەم ئاڕاستەیە بدەینەوە، واتە بە گەڕانەوە بۆ ئەو ڕێبازە وردەی پێویستە ببێتە شوناسی هەموو هەوڵێکی زانستیی شایستە بە مانای تەواوی وشەکە، لەناو ئەم لێڵیی و ناڕوونییەدایە هەمیشە ئەو وشانە پێناسە دەکەین کە بەکاریاندەهێنین، پاشان تەنها بەو مانایە ئەم وشانە بەکاردەهێنین کە خۆمان بۆمان داناوە و پێناسەمان کردووە.

دەبێت ئەوە لە مێشکی هەمووانـدا ڕوون بێت کە ڕیفۆرمی «سەرمایەداری» بە دوو مانای جیاواز بەکارهێندراوە، یاخود بە مانایەکی ڕاستتر بە چەندین مانای جیاجیا بەکارهێندراوە، کە دەتوانین ئاماژەکانیان بەسەر دوو بەشی جیاوازدا پۆلێن بکەین. زۆرێک لەو مشتومڕانەی دەربارەی چاخە کۆنەکان کراوە بۆ نموونە، جا ئەگەر هەستابن بە پێناسەکردنی سەرمایەداری یاخود نا، دەتوانین بیانگێڕینەوە بۆ تێکەڵاویی لەنێوان ئەم دوو جۆرە ئاماژانەدا.

**یەکەم:** لەلایەک چەمکی «سەرمایەداری» وەک ئاماژەیەک بۆ دامەزراوە ئابوورییە لێرە و لەوێکان بەکارهێندراوە، یاخود وەک ئاماژەیەک بۆ تێکەڵەیەک لەم دامەزراوانە، یاخود وەک هێماکردن بۆ ئەو دۆخە فکرییەی هاوشان بووە لەگەڵ پرۆسێسەکانی کارکردنی ناو چوارچێوەی ئەم دامەزراو[لە ئابووریی] انەدا. لە هەموو ئەم بارانەدا، ئەو نووسەرانەی چەمکی «سەرمایەداری»یان بەو مانایە بەکارهێناوە، پێیان وانەبووە کە [ئەم سیستەمە] بە زەرووری بەسەر کۆی کۆمەڵگەیەکدا جێبەجێدەبێت، بەڵکو پێیان وابووە کە دەشێت و دەکرێت (دامەزراوە سەرمایەدارییەکان و عەقڵیەتی سەرمایەداری)

پێکەوە لەگەڵ (دامەزراوە و عەقڵەیەتی مۆدێلەکانی دیکەدا) لەناو یەک کۆمەڵگە بوونیان هەبێت و پێکەوە بژین، بەڵکو تەنانەت دەکرێت لەناو ئەم پێکەوە ژیان و پێکەوە هەبوونەدا، مۆدێلە سەرمایەدارییەکە کەمینەش بێت. ئەو زانایانە کاتێک دێنە سەر نموونەی ئەم دامەزراوانە، یاخود خەسڵەتەکانی ئەو عەقڵەیەتەی لانی کەم بە شێوەیەکی بەشەکیی بۆنێکی سەرمایەداریی لێدێت، باس لە (خاوەندارێتیی تایبەتی ئامرازەکانی بەرهەمهێنان، پرۆژە و بزنسی ئازاد، خواستی قازانج وەک پاڵنەری بنەڕەتیی چالاکیی ئابووری، بەرهەمهێنان بۆ بازاڕ، ئابووریی نەختینەیی، کێبڕکێ، عەقڵانییەت لە بەڕێوەبردنی پڕۆژەکان و ...هتد) دەکەن.

**دووەم:** لە لایەکی دیکەوە وشەی «سەرمایەداری» وەک وەسفێک بۆ کۆمەڵگەیەک بەکارهێندراوە کە بەکۆی گشتی ئەو دامەزراوانە تێیدا بالادەستن کە بە سەرمایەداری وەسفدەکرێن یاخود هەڵگری عەقڵییەتێکی سەرمایەدارانەن. بە شێوەیەکی گشتی ئەم وەسفە بۆ کۆمەڵگەی ئەوروپای خۆرئاوایی بەکارهێندراوە (لەگەڵ درێژبوونەوەی بۆ کۆمەڵگەی ئەمریکیی)، دەشێت ئەوەش بڵێین کە وەک قۆناغی زەمەنی هەندێکیان بۆ دوای سەدەی نۆزدە بەکاریان هێناوە، هەندێکی دیکەشیان بۆ قۆناغی دوای سەدەی شانزە بەکاریان هێناوە، هەندێک جاریش وەسفی سەرمایەداری بۆ هەندێک کۆمەڵگەی دیکەش بەکاردەهێندرێت، وەک ئیمپراتۆریای ڕۆمانی لە هەندێک قۆناغی دیاریکراویدا.

بێگومان ئاسان نییە گفتوگۆ لەسەر ئەم بابەتە بکەین کە لێرەدا خستوومانەتە بەر باس، ئەگەر ئەو چەمکەی بابەتی سەرەکیی گفتوگۆکەمانە، [هاوکات] بابەتی ژمارەیەکی زۆر لە پێناسەی پێچەوانە و لێکدژیش بێت، هەربۆیە دەبێت هەموو ئەو پێناسانە لەبەرچاوبگرین. لەبەرامبەردا ڕەنگە گەلێک ئاسان بێت ئەگەر پێناسەیەکی تایبەتی [ئەو بابەتە] وەربگرین، وەک هەندێک لە مارکسیستە «دۆگماکان» کردویانە، پاشان لەسەر بنەمای ئەو پێناسەیە بچینە قووڵایی و وردەکاریی بابەتەکەوە، و بۆ نموونە بێین بڵێین فلان کۆمەڵگە بەم مانایە سەرمایەداری نییە. بەڵام ئەمەش ئەو کەسانە قایل ناکات کە پێناسەیەکی دیکە بۆ بابەتەکە وەردەگرن. وێڕای ئەوەش پێویستە درک بەوە بکەین (مارکسیستە دۆگماکان ئەمەیان نەکردووە) کە هیچ پێناسەیەک خۆی لەخۆیدا لە پێناسەیەکی دیکە «زانستی تر» نییە. هەریەک لە ئێمە، لە چوارچێوەی گفتوگۆ زانستییەکاندا، ئازادە لەوەی ئەو پێناسەیە هەڵبژێرێت کە خۆی دەیەوێت، بەو مەرجەی بەشە جیاجیاکانی ئەو پێناسەیە بە شێوەیەکی لۆژیکیی لەگەڵ یەکتردا ڕێکخرابن و پێکهاتبنەوە و [کەسی هەڵگری ئەو پێناسەیە] تا کۆتایی گفتوگۆ و مشتومڕەکە پێوەی پەیوەست بێت. یەکلاکردنەوە و هەڵبژاردنی پێناسەیەک لەنێو پێناسەکاندا، پرسێکی گرنگە بۆ ڕوونکردنەوەی دۆزەکە، هەڵبژاردنی پێناسەیەک دەتوانێت ڕێگە ڕۆشنکەرەوە و ئاسانکار بێت لە چوارچێوەی ئارگومێنت و توێژینەوەدا. لێرەوەیە پێویستە ئەو پێناسانە هەڵبژێرین و بخەینە پێشەوە کە چەمکەکان

بـە جۆرێکـی وەهـا دەستنیشـان دەکـەن، شـیکارییەکی قووڵـی دیـاردەکان بـدات بەدەسـتەوە.

کەواتـە بڕیارمانـدا کـە پێناسـەیەک هەڵبژێریـن. مـن ئـەو پێناسـانەم هەڵبـژاردووە کـە دەکەونـە نـاو چوارچێـوە و کایـەی فکـری ئابـووری و کۆمەڵایەتیـی مارکسیستییەوە. بـەڵام بابەتەکـە پێویسـتی بـە تەتەڵەکـردن و جیاکردنەوەیەکـی زیاتـر هەیـە. بەڵـێ ڕاسـتە مارکـس و مارکسیسـتەکان بـە شـێوەیەکی باشـتر و گونجاوتـر لـە میتۆد و بەکارهێنانـی ژمارەیەکی زۆر لە نووسـەر نامارکسیسـتەکان هـەردوو چەمکـی «سـەرمایەداری» و «سـەرمایەدار»یان بەکارهێنـاوە، بـەڵام ئەوانیـش ئـەم دوو چەمکەیـان هـەم بەسـەر دامـەزراوە ئابووریـە تایبەتـەکان و هـەم بەسـەر کۆمەڵگـەی ئەوروپیـی مۆدێرنـدا جێبەجـێ کـردووە، ئـەو کۆمەڵگەیانـەی کـە ئـەو دامەزراوانە بە شێوەیەکی ئاشکرا و دیـار گەشـەیان تێـدا کـردووە. بـەم شـێوەیە دەتوانیـن لەنـاو نووسـینە مارکسیسـتییەکاندا جیاکارییـەک بکەیـن لەنێـوان مانـا جیاوازەکانـی -ئەگەرچـی هەریەکەشـیان پەیوەندییەکـی بەتیـن لەنێوانیاندایە- ئـەم دوو چەمکـەدا. هەربۆیـە گرنگـە لـە گفتوگۆیەکـی لـەم جـۆرەدا ئـەو چەمکانـە دەستنیشـانبکەین کـە بەکاریـان دەهێنیـن و لەسـەریان دەڕۆیـن. منیـش لـەڕووی تێرمینۆلۆژیـی و لەپێنـاو لێکجیاکردنـەوە و پۆلێنکردنـی ئـەم چەمکانـەدا، ئـەو گوزارشـت و دەربڕیـن و پێناسـانەم بەکارهێنـاوە کـە کۆمەڵناسـی پۆڵەنـدی (ژولیـان هۆشـڤێڵد[7]) بەکاریهێنـاون، کـە پێموایـە هەتاوەکـو ئێسـتا تاکـە توێـژەر و لێکۆڵـەری ئـەم بوارەیـە کـە هێنـدە بـە وردیـی کاریکـردووە. ئەمـەش گوزارشـت و پۆلێنبەندییەکانـە:

**یەکـەم: سـەرمایەداری**؛ بـە مانـای بەرتەسـکی وشـەکە بریتییـە لـە «شـێوازێک [مۆدێلێـک]ی بەرهەمهێنـان[8]»، واتـە مۆدێلێکـی ئابـووری، کـە بەپێـی ئـەم مۆدێلـە بەرهەمهێنـان لەنـاو پڕۆژەیەکـی ئابووریـدا بەدیدێـت (بـە مانـای فراوانتر وشـەکە)، ئەوەش بە پێدانی کرێیەک لەلایـەن ئـەو ئامرازانـەی بەرهەمهێنـاوە بـە کرێکارانـی ئـازاد کـە کاردەکـەن و ئـەو ئامرازانـە بەکاردەهێنـن و کاڵا بەرهـەم دەهێنـن و [خـاوەن ئامرازەکانـی بەرهەمهێنـان] دەیفرۆشـنەوە و قازانجـی لـێ دەکـەن. ئەمـەش ناودەنێیـن «سـەرمایەداری پیشەسـازی[9]».

**دووەم:** دەتوانیـن قسـە لەسـەر «سـێکتەر»ێکی سـەرمایەداری بکەیـن لەنـاو سیسـتەمێکی ئابووریـی کۆمەڵگەیـەدا، ئـەم سـێکتەرەش هێمایـە بـۆ کۆمەڵـە پڕۆژەیەکـی نـاو ئـەو کۆمەڵگەیـە، کـە کار لەسـەر مۆدێلـی بەرهەمهێنانـی سـەرمایەداری دەکـەن. بـۆ نموونـە: [بوونـی] سێکتەرێکی سـەرمایەداری لـە ڕوسـیای سۆڤیەتیدا، لـە قۆناغـی «سیاسـەتی نوێی ئابـووری[10]»دا.

**سـێیەم:** بوونـی «دۆخێکـی سۆسـیۆ-ئیکۆنۆمی[11]»ی سـەرمایەداری، ئەمـە ئـەو دۆخەیـە کـە زۆرجـار باسـی سـەرمایەداری دەکرێـت، ڕاسـتەوخۆ ئـەو دۆخەمـان بەبیـردا دێـت کـە (جیهانـی خۆرئاوایـی) تێـدا دەژیـت، خەسـڵەت و تایبەتمەندیـی ئـەم دۆخـەش بریتییـە لـە بوونـی «سیسـتەمێکی ئابووری»ی تایبەتمەنـد، کـە تێیدا کەرتـی سـەرمایەداری، هاوشـان لەگـەڵ سـەرخانێکی «ئایدۆلـۆژی» و دامەزراوەیـی قابیـل بـەو سیسـتەمە، باڵادەسـتە.

بـەڵام هەمـوو ئـەو پێناسـانە، پرسـیارێکی گرنگـی ئـەو مەیدانـە بەبـێ وەڵام جێدەهێڵـن کـە ئێمـە خەریکیـن

لێی دەکۆڵێنەوە. مارکس لە بەرگی سێیەمی کتێبی «سەرمایە»دا ئەمە ڕووندەکاتەوە و دەڵێت: «نەک هەر تەنها بازرگانی، تەنانەت سەرمایەی بازرگانییش، تەمەنیان کۆنترە لە مۆدێلی بەرهەمهێنانی سەرمایەداری [بەو مانایەی پێشتر خستمانەڕوو، واتە دۆخە سۆسیۆ-ئیکۆنۆمیە سەرمایەدارییەکە]، کە ئەم مۆدێلە لە ڕوانگە مێژووییەکەوە گوزارشتە لە کۆنترین فۆڕمە سەربەخۆکانی بوونی سەرمایە[12]». هەروەها دەڵێت: «لە هەموو مۆدێلەکانی بەرهەمهێنانی پێشووتردا [واتە لە هەموو دۆخە سۆسیۆ-ئیکۆنۆمیە پێش سەرمایەدارییەکاندا[13]] سەرمایەی بازرگانی ڕۆڵی جێبەجێکاری سەرەکیی سەرمایەی بینیوە». پاشان لە کۆتایی کتێبی سەرمایەدا باس لە سەرمایەی سووخۆری (usurer's capital) و سەرمایەی دارایی (financial capital)یش دەکات و دەڵێت: «سەرمایەی قازانج ویست، یان ئەوەی لە کۆندا پێیگوتراوە سەرمایەی سووخۆری، هاوشان لەگەڵ سەرمایەی بازرگانییدا بەشێک لە فۆڕمە کۆنەکانی سەرمایەی پێش تۆفانەکەی نوح[14] پێکدەهێنن، ئەو فۆڕمانەی سەرمایە کە سەردەمانێکی زۆر دەکەونە پێش سەرهەڵدانی مۆدێلی بەرهەمهێنانی سەرمایەدارییەوە [واتە پێش دۆخە سۆسیۆ-ئیکۆنۆمییەکەی سەرمایەدارییەوە] و لەناو دۆخی سۆسیۆ-ئیکۆنۆمی گەلێک جیاوازتردا بوونیان هەبووە. ئێستاش دەبینین لانی کەم دووان لەو جۆرە سەرمایەیە، سەرمایەی سووخۆری و سەرمایەی دارایی، کە بوونیان دەگەڕێتەوە بۆ قۆناغی پێش سیستەمی سەرمایەداری، بیرمەندانی وەک (ماکس ڤێبەر[15]) بە «سەرمایەداریی فۆڕمە جیاوازەکان» وەسفی دەکەن. ئەمەش بەو مانایە دێت کە (مارکس و ڤێبەر و سۆمبارت[16])، پێیان وایە، ئەوەی یەکەمیان [واتە مارکس] بە «دۆخێکی سۆسیۆ-ئیکۆنۆمیی سەرمایەداری» ناویدەبات و دووانەکەی دیکە [ڤێبەر و سۆمبارت] بە «سەرمایەداریی مۆدێرن» ناویدەبەن، سەرچاوەی لەدایکبوونیان دەگەڕێتەوە بۆ فۆڕمە دواهەمینەکانی سەرمایەی بازرگانی و سەرمایەی دارایی قۆناغی سەدەکانی ناوەڕاستی ئەوروپا. ئێمە لە یەکەم ڕوانیندا و لە سەدەکانی ناوەڕاستدا، بەر هەمان فۆڕمگەلی سەرمایە دەکەوین لە جیهانی ئیسلامییدا. هەربۆیە جێگەی بایەخە کە پێش هەموو شتێک بزانین ئایا هەر بەڕاست ئەو فۆڕمانە لە جیهانی ئیسلامی و جیهانی خۆرئاواییدا وەکو یەکن، ئەگەر بابەتەکە بەو شێوەیە بوو، ئەوە بەڵگەیەکە لەسەرئەوەی خودی ئیسلام خۆی بەربەستێک نییە لەبەردەم پەرەسەندنی ئەو قۆناغە سەرەتاییانەی لە ئەوروپا ئەنجامەکەیان بە دۆخێک یان شێواز و مۆدێلێکی سۆسیۆ-ئیکۆنۆمیی سەرمایەداری کۆتاییهاتووە (یان ئەگەر دەربڕینەکە دروست بێت بە «سەرمایەداریی مۆدێرن» کۆتاییان هاتووە). دیسان ئەگەر بابەتەکە بەو شێوەیە بوو، بێگومان پێویستە ئەو پرسیارەش بکەین کە بۆچی ئەو قۆناغە سەرەتاییانە [لە جیهانی ئیسلامییدا] بە هەمان ئەو پەرەسەندن و قۆناغبەندییانەدا تێنەپەڕی کە ئەوروپا بەخۆیەوەبینی؟ ئایا ئەوەی بەرپرسە لەمە لێرەدا بریتییە لە ئیسلام؟ وەک ئاشکارییەک بۆ ڕەوتی توێژینەوەکە، پێشنیاری ئەوە دەکەم سیفەتی سێکتەری «سەرمایەدارانە capitalistic»

بدەینە پاڵ ئەو سێکتەرە [ئابوورییە]ی لە کۆمەڵگە پێش سەرمایەدارییەکاندا سەرمایەی بازرگانی و سەرمایەی دارایی لەخۆگرتووە، چونکە ئەوە سێکتەرێکی سەرمایەداری نییە هاوشێوەی ئەوەی رووسیای سۆڤیەتی لە سەروبەندی سیاسەتی نوێی ئابووری (نیپ)دا بەخۆیەوەبینیوە، ئەم سێکتەرە سەرمایەدارییەی رووسیا ژمارەیەکی زۆر لە پرۆژەی پیشەسازیی بچوک و مامناوەندیی لەخۆگرتبوو، کە هەموو بە گوێرەی مۆدێلی بەرهەمهێنانی سەرمایەداری بەڕێوەدەچوون (بە مانای تەواوی وشەکە)، کە تێیدا «سەرمایەی بەرهەمهێن» بە بەکارهێنانی هێزی کاری کرێکارانی ئازاد سەرمایەگوزاری و وەبەرهێنانی ئەنجامدەدا، تەنها خودی دەسەڵاتی دەوڵەتی سۆڤیەتی بوو رێگەی لەوە گرتبوو ئەم سەرمایەیە گەشەبکات و سەرجەم بەرهەمهێنانی پیشەسازی بتەنێتەوە. هەرگیز سەرمایەی بازرگانی و سەرمایەی دارایی نەیانتوانیوە دەست بەسەر ئەم کەرتەدا بگرن، وێڕای ئەوەی لە سەدەکانی ناوەڕاستدا ئەوە رۆڵی بەرچاویان بووە، ئەو دەمەی هێشتا سەرمایەی بەرهەمهێن تەنها رۆڵێکی سنوورداری هەبوو.

بوونی ئەم جۆرە سێکتەرە «سەرمایەدارانە»یە، بە شێوەیەکی تایبەتتریش «بوونی سەرمایەی بازرگانی و گەشەی ئەم سەرمایەیە بۆ ئاستێکی دیاریکراو» بە بۆچوونی مارکس دوو مەرجی پێویستن (بەڵام جەختیش لەوە دەکاتەوە کە هەرگیز تاکە دوو مەرجی پێویست نین) بۆ دروستبوون و سەرهەڵدانی دۆخێکی سۆسیۆ-ئیکۆنۆمیی سەرمایەداری، واتە سەرهەڵدانی سەرمایەداریی مۆدێرن. گریمانەی ئەوە دەکرێت ئەم خاڵە بابەتی ناکۆکی بێت لەنێوان هەموو ئابووریناسەکاندا، بە چاوپۆشین لەوەی لەڕووی تێرمینۆلۆژییەوە چەندێک جیاواز بن، و چەندێک لەگەڵ مارکسیشدا جیاواز بن دەربارەی سروشت و خەسڵەتی ئەو مەرجانەی دیکە کە رێگەخۆشکەر بوون بۆ وەرچەرخانی ئەوروپا بەرەو سەرمایەداریی مۆدێرن. کەواتە پێویستە وردببینەوە و لێکۆڵینەوە بکەین لە بوونی سێکتەرێکی لەم شێوەیە لەناو جیهانی ئیسلامی لە سەدەکانی ناوەڕاستدا، و لەوەش بپرسین ئایا [ئەم سێکتەرە لە جیهانی ئیسلامییدا] هەمان فراوانخوازی و فۆرمی هەبووە کە لە ئەوروپا [هەیبووە] و بۆتە هۆکارێک بۆ سەرهەڵدانی سەرمایەداریی مۆدێرن.

لێرەدا یەکێک لە پرسە هەرە گرنگەکان زەق دەبێتەوە: ئایا کاتێک قسە دەربارەی دۆخی پێش سەرهەڵدانی دۆخە سۆسیۆ-ئیکۆنۆمییە سەرمایەدارییەکە دەکەین، دەتوانین بڵێین هەموو قەرزێک کە سووی لەگەڵدا بێت، یاخود هەموو بازرگانییەک (بە مانا فراوانەکەی، واتە هەموو ئاڵوگۆڕێکی کاڵا) دەتوانن سێکتەرێکی «سەرمایەدارانە» پێکبهێنن، واتە: سێکتەرێک کە بە دەستپێک لێیەوە، ئەگەر مەرجە هاوپەیوەندەکانی دیکە فەراهەم بن، دۆخێکی سۆسیۆ-ئیکۆنۆمیی لەم شێوەیە سەرهەڵبدات؟

وەک پێشتر ئاماژەمان پێدا، مارکس وەڵامی ئەمەمان دەداتەوە و دەڵێت کە بوونی سەرمایەی کاڵایی و گەیشتنی بە ئاستێکی دیاریکراوی گەشە، دوو مەرجی سەرەکیین بۆ ئەم پەرەسەندنە؛ «یەکەم: لەبەرئەوەی

مەرجێکن بۆ چڕبوونەوە و کۆبوونەوەی سامانی نەختینەیی، دووەم: لەبەرئەوەی مۆدێلی بەرهەمهێنانی سەرمایەداری [واتە دۆخی سۆسیۆ-ئیکۆنۆمیی سەرمایەداری] گرەو لەسەر ئەوە دەکات بەرهەمهێنان بە ئاراستەی بازرگانییدا ببات، فرۆشی بە کۆ و بە بازنەی فراوان بێت نەوەک بۆ تاکە بەکاربەرەکان؛ ئەمەش گرەو لەسەر بوونی بازرگانێک دەکاتەوە کە ئەوەی دەیکڕێت لەپێناو پێداویستییە تایبەتەکانی خۆیدا نییە، بەڵکو لە پرۆسەی کڕینەکەیدا کڕیارانی کۆمەڵێکی زۆر خەڵک لە یەک کڕیاردا کۆدەکاتەوە، لە لایەکی دیکەوە، هەموو گەشەیەکی سەرمایەی بازرگانی خواست و مەیلی ئەوەی هەیە زیاتر و زیاتر خەسڵەتی (بەرهەمهێنان لەپێناو ئاڵوگۆڕی بەهادا) بدات بە بەرهەمهێنان، و زیاتر و زیاتر بەرهەمەکان بگۆڕێت بۆ کاڵا». بەم جۆرە مەرجی هەرە کەم بۆ بازرگانیی «سەرمایەدارانە» بریتییە لەوەی بازرگانییەکی کۆ (جملة) بێت و پارە بەکاربهێندرێت، بۆئەوەی ببێتە مایەی گەشەپێدانی (بەرهەمهێنان لەپێناو بازاڕدا).

ماکس ڤیبەریش باس لە جۆرێکی تایبەت چالاکیی ئابووری دەکات، کە ناوی دەنێت چالاکیی سەرمایەداری، کە پێی وایە [ئەم چالاکییە خاڵی سەرەتا و دەستپێکی سەرمایەداریی مۆدێرنە (ئەوەی من پێیدەڵێم دۆخێکی سۆسیۆ-ئیکۆنۆمیی سەرمایەداری)، تۆوەکانی ئەو سیستەمەی لەخۆیدا هەڵگرتووە، بەڵام دەقاودەق ئەو نییە. ئەمە هەمان ئەو چالاکییەیە کە لێرەدا ناومانناوە [چالاکیی «سەرمایەدارانە»؛ «چالاکییەکە لە بەکارهێنانی هەموو بارودۆخە لەبارەکان بۆ ئەنجامدانی ئاڵوگۆڕەوە چاوەڕوانی بەدەستهێنانی قازانج دەکات، واتە (لەڕووی مەبدەئییەوە) پشت بە هەلی ئاشتییانە دەبەستێت بۆ بەدەستهێنانی قازانج». ڤیبەر پێیوایە کە پێویستە ئەم چالاکییە، لانی کەم تارادەیەک، چالاکییەکی عەقڵانی بێت. یان بە واتایەکی دیکە چالاکییەکی هاوجووت بێت لەگەڵ ئەو حساباتانەی لەسەر سەرمایە دەکرێن... لەبەرئەوەی بابەتە گرنگەکە ئەوەیە کە حسابی سەرمایە بەگوێرەی پێوەرە نەختینەییەکان بێت، جا ئەگەر ئەوە بە میتۆدە مۆدێرنەکانی حسابگیریی بێت، یاخود بە هەر میتۆدێکی دیکە بێت، جا چەندێک میتۆدێکی سەرەتاییش بێت». پاشان بەردەوام دەبێت لە قسەکانی و دەڵێت: «بەم مانەیە دەتوانین بڵێین سەرمایەداری و پرۆژە سەرمایەدارییەکان، بگرە تا ئاستێکی باڵاش هەژماری سەرمایەدارانەش، لە سەرجەم وڵاتانی جیهانی شارستانیدا بوونی هەبووە؛ لە چین و هیندستان، بابل و میسر، شارستانێتییە دێرینەکانی دەریای ناوەڕاست، لە سەدەکانی ناوەڕاست و لە سەردەمی مۆدێرنیشدا. ڤیبەر پێیوایە ئەوەی خاڵی جیاکەرەوە و خەسڵەتی سەرمایەداریی مۆدێرنی خۆرئاواییە، شانبەشانی فۆرمە دێرینەکانی (ڕێکخستنی عەقڵانە و سەرمایەدارانەی کاری ئازاد)، پەیوەستە بە جیاکردنەوەیەکی یاسایی لەنێوان چالاکیی ئابووری و چالاکیی ناوماڵ (domestic)، هەروەها پەیوەستە بە لێپرسینەوەی عەقڵانییشەوە.

لێرەدا ڕوون و ئاشکرا دیارە کە هەریەکە لە (مارکس و ڤیبەر)، بە پێوەرە لێکنزیکەکانیان، دەربارەی هەمان

سێکتەری ئابووری قسە دەکەن کە پێش سەرهەڵدانی «سەرمایەداریی مۆدێرن» یاخود پێش سەرهەڵدانی «دۆخێکی سۆسیۆ-ئیکۆنۆمیی سەرمایەداری» هەبووە. ئێمەش بە پشتبەستن بەو پێوەرانە، حکوم و بڕیاری خۆمان دەدەین سەبارەت بە بوون یاخود نەبوونی سێکتەری «سەرمایەدارانە» لە جیهانی ئیسلامییدا. هەرچۆنێک بێت ئەم پێوەرانەش ئەوە دەردەخەن کە دەبێت لەناو ئەو چالاکییانەی بە باری سەرنج وەرگیراون، هەموو ئەو فۆرمانەی بازرگانی دووربخرێنەوە کە ئەو سیفەت و خەسڵەتانەیان تێدا نییە کە لە سەرەوە باسکران، بەتایبەت ئاڵوگۆڕی شمەک بە شمەک (barter)، یاخود هەر کام لەو فۆرمە ناوچەییانەی کە لەلایەن ئیتنۆلۆژیستەکانەوە باسکراون و لەڕاستیدا ڕەهەندێکی ئایینییان هەیە، یاخود بریتیبوون لە دیاریی مەڕاسیم و ئاهەنگەکان و خەڵات و بەخشین، وەک دیاردەیەک کە ناوەڕۆکە سەرەکییەکەی بریتی بووە لە بەخشینی بەهایەکی شکۆدار. هەروەها لە چوارچێوەی قەرزەکانیشدا، پێویستە هەموو جۆرە خواستنێک (إعارة)ی نانەختینەیی بەدووربگرین، هەروەها هەموو شتێک کە ئەنجامەکەی بریتی نییە لە (چڕکردنەوە و کۆکردنەوەی پارەی نەختینەیی زەبەلاح) یاخود (خوڵقاندنی سامانێکی نەختینەیی سەبەخۆ لە موڵکایەتی و خاوەندارێتیی زەوی و زار). بە بۆچوونی مارکس، کە هەموو لایەکیش هاوڕان لەسەری، مەرجی سەرەکی و پێویستە بۆ سەرهەڵدانی دۆخێکی سۆسیۆ-ئیکۆنۆمیی سەرمایەداری، ئەگەرچی بە تەواوی مەرجەکانیشییەوە نەبێت.

دواجار ڕوونە کە دەبێت -لەناو پێناسەکەماندا بۆ ئەم سێکتەرە سەرمایەدارانەیەی باسی لێوە دەکەین- هەموو ئەو بونیادە ئابوورییانە دووربخەینەوە کە تەنها ڕۆڵی سەرمایە تێیدا، ئەو سەرمایەیە کە پێکهاتووە لە کۆمەڵە شتێک یاخود کۆمەڵە دەرامەتێک و لەلایەن تاک یاخود کۆمەڵگەوە مامەڵەیان پێوە دەکرێت، کە دەتوانرێت لێرە و لەوێ لە بەرهەمهێناندا پشتی پێببەسترێت یاخود تەنها لە بەدەستهێنانی دەرامەتی نوێدا، جا ئایا ئەو شت و دەرامەتانە بەرهەمی کاری پێشووتر [ی مرۆڤ] بن یاخود دیاریی سروشت بن. بۆ نموونە داردەستی هەڵکۆڵین (Digging stick)، کە یەکێکە لە ئامرازە کشتوکاڵییە هەرە سەرەتاییەکان، ئەو چیلکەڵەیە سەرمایەیەکە و لە بەرهەمهێناندا بەکاردەهێندرێت، هاوشێوەی (تیر، تۆڕی ماسی، چڵاوکی درێژی لێکردنەوەی بەری درەخت)، هەموو ئەوانە سەرمایە بوون بۆ بەدەستخستنی بەرهەمە سروشتییەکان. ئەم جۆرە سەرمایانە لە هەموو کۆمەڵگەکاندا هەیە و هەبووە، تەنانەت کۆمەڵگە هەرە سەرەتاییەکانیش، بەڵام بوونی ئەم جۆرە سەرمایەیە -تەنانەت ئەگەر بوونێکی زۆریش بێت- تەنها بە شێوەیەکی زۆر دوور کاریگەریی هەیە لەسەر سەرهەڵدانی سەرمایەداریی مۆدێرن. گومان لەوەدا نییە بۆئەوەی تەنانەت قسە لەسەر پەرەسەندن بەرەو سەرمایەدارییش بکرێت [نەک هەبوونی]، پێویستە لەو کۆمەڵگەیەدا سەرمایە بە شێوەیەکی بەرچاو کەڵەکە بووبێت. ئەوەش باری ئەو کۆمەڵگەیانەیە کە لێرەدا قسەیان لەسەر دەکەین، (جگە لە هەندێک سێکتەری کۆمەڵگەی

عەرەبیی پێش ئیسلام). بەهەمان شێوە ناتوانین قسە لەسەر هیچ سێکتەرێکی «سەرمایەدارانە» بکەین لە جڤاتێکدا، کە تێیدا شوانکارەیی باڵادەستە و شوانەکان یان چاویان لە زیادبوونی ژمارەی مەڕوماڵاتەکانیانە، یان چاوەڕوانی ئەوەن منداڵی زیاتریان ببێت و ژمارەی ئەندامانی خێزانەکی زیادبکەن [ئەمە وێڕای تێڕوانینەکەی (ئاڕ. تۆڕنواڵد) کە باس لە سەرمایەداری دەکات لە بارێکی لەو شێوەیەدا. هەروەک چۆن (میلڤیل جەی. هێرسکۆڤیتس) دەڵێت: «ئاشکرایە ئەوە جێبەجێکردنی چەمکەکانە بەسەر دۆخێکدا لەڕووی کولتوورێکی پەیوەندیدارەوە، بەبێ بوونی هیچ جێبەجێکارییەک]. تەنانەت ئەگەر گەشەی مەڕوماڵات تارادەیەک یارمەتیدەر بووبێت بۆ سەرهەڵدانی بیرۆکەی سوود (وەک لە هەندێک لە گوزارشتەکاندا باسکراوە، بەتایبەت گوزارشتە یۆنانییەکان)، بەڵام هێشتا ئەو ڕێگەیە ڕێگەیەکی گەلێک دووردرێژ بووە، نەک هەر بۆ گەیشتن بە سەرمایەداریی مۆدێرن بەتەنها، بەڵکو تەنانەت بۆ گەیشتن بە سەرهەڵدان و دەرکەوتنی سیمایەک لە سیماکانی عەقڵییەتی سەرمایەداری بەو مانایەی ڤیبەر باسی لێوە دەکات.

ئەمانە ئەو چەمکانە دەبن کە بەپێی پێویست بەکاریاندەهێنم بۆ ڕوونکردنەوەی گفتوگۆکە: (مۆدێلی بەرهەمهێنان[17]، سێکتەر[18]، سیستەمی ئابووری[19]، دۆخ [یان فۆرماسیۆن]ی سۆسیۆ-ئیکۆنۆمیی سەرمایەداری[20]، سێکتەری سەرمایەدارانە[21]).

بەڵام من، بۆئەوەی خۆم لەو هەڵەیە لابدەم کە مارکسیستە دۆگماکان تێیکەوتوون و پێشتریش باسمکرد، پێناسەکانی دیکەش لەبەرچاو دەگرم، بەتایبەت ئەوانەی نووسەرە نامارکسیستە دیارەکان بەکاریانهێناوە، کە هەرچۆنێک بێت ئەو پێناسانەش ئاراستەکەیان بەرەو نزیکبوونەوەیە لە پێناسە مارکسیستییەکان. ئێستا زۆرینەیان هاوڕان لەسەر ئەوەی لە سەدەی شانزە بەدواوە، یاخود لە دوای سەدەی هەژدەوە وەک دوایین سنوور، لەڕووی ئابوورییەوە سیفەتی «سەرمایەداری» بەسەر کۆمەڵگەی ئەورووپیدا بسەپێنن، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا هاوکات زۆرینەیان پێیانوایە کۆمارەکانی ئیتاڵیا بە نموونە، لە دوای سەدەی سیانزەوە «نموونەیەکیان لە بوونی سەرمایەداریی بازرگانی و سەرمایەداریی دارایی پێکەوە، نیشانداوین». کاتێک هیچ کەسێک نەبووە لەو کاتەدا بتوانێت سیفەتی «سەرمایەداری» بلکێنێت بەسەر کۆی ئابووریی ئەورووپییەوە، یاخود بیلکێنێت بەسەر ئابووریی ئیتاڵییەوە بەتەنها (هیچ کەسێک نکۆڵی لە گرنگیی ئەو جیاوازییانە ناکات کە لەنێوان ئەم ئابووری یاخود ئەو ئابوورییەدا، یاخود لەنێوان ئەو ئابوورییەی ڤیبەر و سۆمبارت و چەندانی دیکە ناویاننناوە سەرمایەداریی مۆدێرن)، کەواتە ئەمە خۆی لەخۆیدا داننانە بەوەی من ناومناوە «سێکتەرێکی سەرمایەدارانە». دواجار هەمووان هاوکۆکن لە قسەکردن لەسەر مۆدێلێک یان شێوازێک لە بەڕێوەچوونی پرۆژەکان، ئەگەرچی هەوڵی زەقکردنەوەی یەکێک لە بەشەکانی بدەن، کە لە جەوهەردا هەمان ئەو مۆدێلەیە کە لێرەدا بە مانا بەرتەسکەکەی هەوڵی جێبەجێکردنی دەدەین بەسەر مۆدێلی بەرهەمهێنانی سەرمایەدارییدا.

هەروەها پێدەچێت هەموو لایەک هاوکۆک بن لەسەر نکۆڵیکردن لە بەجێگەیاندنی پرۆژەیەکی تاکلایەن و دابڕاو، هەربۆیە مۆدێلی بەرهەمهێنانی سەرمایەداری، تەنها لەناو جەرگەی «سێکتەرێکی» سەرمایەداریی تارادەیەک بەرفراواندا دەتوانێت بوونی هەبێت و چالاک بێت.

## (2)

## فەرمایشتەکانی ئیسلام

میتۆدی هەرە باو لێرەدا بۆ چارەسەرکردنی ئەو کێشەیەی خستمانەڕوو، پرسیارکردنە دەربارەی ئەحکامەکانی ئایینی ئیسلام، ئایا بەڕاست ئەو ئەحکامانە هاندەرن بۆ بەڕێوەچوونی ئەو مامەڵانەی مۆدێلی بەرهەمهێنانی سەرمایەداری (یان هەر مۆدێلێکی دیکەی بەرهەمهێنان)یان لێ پێکدێت؟ یاخود ئەم ئەحکامانە بەربەستن و ئەو مامەڵانە ڕەت دەکەنەوە؟ یان لەسەر هێڵێکی بێلایەن دەوەستن لە بەرامبەر ئەم مامەڵانەدا؟ بە بۆچوونی من، وەک دواتر خوێنەر خۆیشی دەیبینێت، ئەمە پرسێکی زۆر گرنگ نییە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا پرسیارێکە و خۆی زەق دەکاتەوە و لەناو کۆی کێشەکەدا جێگە و پیگەی خۆی دەگرێت. هەربۆیە بە خێرایی و بە کورتی ئەم پرسە شیدەکەینەوە و چارەسەری دەکەین.

## قورئان و سوننەت

فەرمایشتەکانی ئیسلام لە بەڵگەنامەیەکی دیاریکراو و ناسراودا داڕێژراونەتەوە، کە ئەویش «قورئان»ـە، کەلامی خودایە کە بۆ نێردراوەکەی (واتە محەمەد) دابەزیوە[22]، ئەمە لەلایەک، لە لایەکی دیکە بەشێکی تری فەرمایشتەکانی ئیسلام خۆیان دەبیننەوە لە کۆمەڵێکی زۆر لە دەقی یەکاڵانەکراوەدا، کە ئەوانیش پێیان دەگوترێت «سوننەت». هەر کردار و گوفتار و نەریتێک کە لە پەیامبەرەوە گێڕدرابێتەوە، پێیان دەگوترێت سوننەت. گومان لەوەدا نییە کە گوفتار و کردارەکانی پەیامبەر لای موسوڵمانان بەها و بایەخی ڕێنیشاندەر و نموونەی باڵایان هەیە، هەربۆیە بەپێویستی دەزانن لەسەر خۆیان کە لاسایی محەمەد بکەنەوە و ئامۆژگاری و ڕێنماییەکانی وەربگرن.

پێویستە لێرەدا ئاماژە بەوە بدەین کە کەسی مێژوونووس ناتوانێت بە ڕاستی گێڕانەوەکانی سوننەت بە هەڵقوڵاو و ڕەنگدەرەوەی بیرکردنەوەی محەمەد دابنێت، تەنها مەگەر لە هەندێک حاڵەتی دیاریکراودا. ڕاستە نووسەرە موسوڵمانەکان، تەنانەت هاوچەرخەکانیشیان، تا دەگات بەوانەش کە تەنها بە ناو موسوڵمانن، یان تەنها بێدەربەستانە شوێنکەوتەی هەندێک لە نەریتەکانن، بگرە ئەوانەش کە هەڵوێستێکی سیکۆلار و دژەئایینیی ڕوون و ئاشکرایان وەرگرتووە، پێکڕا، لە زۆربەی حاڵەتەکاندا وەک بەڵگەنامەی مێژوویی باوەڕپێکراو ئەم گێڕانەوانە دەگوازنەوە[23]. لەگەڵ ئەوەشدا وەک دەزانین لە واقیعدا ئەم گێڕانەوانە دوای مردنی پەیامبەر بە دوو بۆ سێ سەدە ئینجا لەسەر کاغەز تۆمارکراون و نووسراونەتەوە، لەو ماوەیەشدا مێژووی ئیسلام بە قۆناغێکی وەها [نالەبار و ناسەقامگیر]دا تێپەڕیوە کە متمانەیەکی ئەوتۆ بەم نووسراوانە ناکرێت. بەهای بەڵگەنامەیی و وەسائیقیی

ئـەم گێڕانەوانـە ڕاوەسـتاوەتە سـەر زنجیرەیـەک لـە گێـڕەرەوەی (ڕاوی) متمانەپێکـراو و پشتپێبەسـتراو، کـە دوایین کەسـیان دەڵێـت ئـەم گێڕانەوەیـەم لـە یەکێکی دیکـە [ی پێش خۆم]ــەوە گـوێ لێبووە، ئـەو کەسـەی پێش خۆیشـی -لـە ڕێگـەی زنجیرەیـەک لـە گێڕەرەوە و گوێزەرەوەی نـاسراو و ناوهێـنراوەوە- لە هاوسـەردەمێکی محەمـەدەوە گوێبیسـتی بـووە، کـە ئـەو هاوسـەردەمەی محەمەدیش بـە چـاوی خـۆی بینیویەتـی و بـە گوێـی خـۆی بیسـتویەتی. بـەڵام ئەسـتەمە مـرۆڤ بەتـەواوی دڵنیا بێـت لـەم زنجیرانـە و متمانەیـان پێبـکات، چونکـە لـە ڕوانگـەی زانسـتەوە هیـچ گەرەنتییـەک نییـە بـۆ ڕاسـتبوونیان، بەڵکـو هـەر لەنـاو خۆیانـدا هەندێـک لـەو سـوننەتانە لەگـەڵ هەندێکـی دیکەیانـدا لێکـدژن، هـەر ئەمـەش وەهـای لـە نووسـەرانی عـەرەب کـردووە لـە سـەدەکانی ناوەڕاسـتدا بـە پاسـاوی پێوەنـان و هەڵبەسـتنەوە هەندێکیـان ڕەتبکەنـەوە، بـە پێـوەری جیاجیـاش گومـان بخەنـە سـەر هەندێکـی دیکەیـان. بـەڵام میتـۆدە مۆدێرنەکانـی مێـژوو، لـەڕووی پرسـیار وروژاندنـەوە گەلێـک وردتـر هەڵسـەنگاندن دەکـەن، بـە هیـچ جۆرێـک متمانە بـە گێڕانەوەیـەک نابەخشـن ئەگـەر ئارگومێنـت و بەڵگـەی گەلێـک بەهێـز پاڵپشـتیی نـەکات. ئەمـەش لانـی کـەم تـا ئـەو جێگەیـەی پەیوەستە بـە گێڕانـەوەی فەرموودەکانـەوە، تاقیکردنەوەیەکـە و تەنها کەمینەیەکـی زۆر بچووکیـان تێیـدا دەردەچـن. بـەڵام لەگـەڵ ئەوەشـدا ئـەم دۆکیومێنتانـە بـە کەڵکـی ئـەوە دێـن بـۆ وەسـفکردنی سـەردەمەکەی خۆیـان و سـەردەمەکانی دوای خۆیـان، تەماشـا بکرێـن، چونکـە مانەوێـت یـان نـا ئەمانـە دۆکیومێنتگەلێکـن ئامـاژە و دەلالەتـن بـۆ هەندێـک لـەو ئاراسـتە فکریـی و ڕەوتانـەی ویسـتویانە لـە بناغـەوە بەسـەر کۆمەڵگـەدا بیانسـەپێنن. هـاوکات ئـەم فەرموودانـە پێـوەر و سـەنگی مەحەکـن بـۆ ڕەفتـاری موسـوڵمانان، تـا ئـەو جێگەیـەی کـە موسـوڵمانان شـوێنکەوتەی ئـەم فەرموودانـە بـوون. هـاوکات نابێـت ئەوەشـمان بیرچێـت کـە دژبەریـی و لێکدژییەکانـی نـاو ئـەم دۆکیومێنتانـە، نیشـانەن بۆ بوونـی پانتاییەکـی فراوان لـە مومارەسـەی ئـازادی، بەتایبـەت کـە موسـوڵمانان فەرمانڕەوایـی هیـچ دەسـەڵاتێکی مەرکەزییـان بەسـەرەوە نەبـووە -وەک کڵێسـای کاتۆلیکـی بـە نموونـە- کـە بـە هەژموونـی خـۆی بڕیـار بەسـەر بەهـا و شـێوازی هـەر گێڕانەوەیـەک و ڕاڤـەی دروسـت [و یەکگرتـوو] بـۆ ئـەو گێڕانەوەیـە بـدات.

بـا سـەرەتا لـە قورئانـەوە دەسـتپێبکەین، کـە گوتـەی خودایـە و ئـەو مەرجەعـە سـەرەکییەیە کـە هیـچ گومانێـک هەڵناگرێـت (لانـی کـەم لـە ڕووی مەبدەئییـەوە؛ چونکـە هەندێـک لـە ئایەتـەکان ناسـیخی هەندێـک ئایەتـی دیکـەن). بێگومـان قورئـان کتێبێـک نییـە دەربـارەی ئابووریـی سیاسـی، هەربۆیـە بێهودەیـە لەنـاو ئـەو کتێبـەدا بـە دوای ئـەوەدا بگەڕێیـن ئایـا پشـتیوانیی لـە سـەرمایەداری کـردووە وەک سیستەمێکی ئابـووری، یاخـود سـەرکۆنەی کـردووە. بـەڵام ئایا لانـی کـەم دەتوانیـن کۆمەڵـە ئەحکامێکـی تێـدا بدۆزینـەوە کـە پەیوەسـت بـن بـەو دامـەزراوە ئابووریيانـەی خەسـڵەتێکی سـەرمایەدارییان هەیـە، یاخـود ئـەو دامەزراوانـەی بنەمایەکـی «سۆسـیۆ-ئیکۆنۆمی»ی سیسـتەمی سـەرمایەداری یاخـود توخمەکانـی ئـەو سیسـتەمە پێکدەهێنـن؟

وەک سەرەتایەک و وەک وەڵامێک بۆ ئەو پرسیارە، دەڵێین: قورئان دووژمنی خاوەندارێتیی تایبەت نییە، چونکە -هەر بۆ نموونە- دەبینین حوکمەکانی وەرەسە و میراتی ڕێکخستووە، بگرە نەهی لەوەش دەکات کە پەلپ و نارەزایەتی بگرین بەرامبەر بوونی نایەکسانی و جیاوازییەکان[24]، بەڵکو تەنها توورەیی خۆی بەسەر ناشکوورییە بەردەوامەکانی دەوڵەمەندەکاندا دەڕێژێت[25]، ئاگاداریشیان دەکاتەوە کە سەروەت و سامانەکەیان لە بەرامبەر قاپیی حوکمی خودادا فریایان ناکەوێت، بەڵکو بۆتە مایەی دوورخستنەوەیان لە خوداپەرستی[26]. ئایا لەناو ئەمانەدا دەبینن خاوەندارێتیی ئامرازەکانی بەرهەمهێنان هەڵاوێر کرابێت؟ نەخێر، بگرە قسە لەسەر بەکرێدان و کاری کرێ (Wage-labour) دەکات وەک دەزگایەکی سروشتی کە هیچ نارەزایەتییەکی لەسەری نییە، زۆرێکیش لە ئایەتەکانی قورئان باس لە پاداشت و حەقی مرۆڤ دەدەن لەلای خودا[27]. دیمەنی پیرە پیاوەکەی «مەدیەن»، کە مشتومڕ لەگەڵ (موسا)دا دەکات تا وەک شوانێکی کرێگرتە کاری لەلا بکات، وەسفی ئەم حاڵەتەمان بۆ دەکات[28]. هەروەک چۆن چاککردنەوەی دیوارێکی رووخاو شایەنی کرێ و پاداشتە[29]، بە هەمان شێوە پێغەمبەرانیش، بە محەممەدیشەوە، شایەنی پاداشتن، لەگەڵ ئەوەی خۆیشیان باس لەوە ناکەن کە لەبەرامبەر پارەدا ئامۆژگاریی خەڵکی بکەن[30].

لەناو ئایینەکاندا بەگشتی چالاکیی ئابووری سست کراوە و پەکخراوە، [لەبری ئەوە] داوا لە شوێنکەوتووانی ئەو ئایینە کراوە کە بۆ دابینکردنی پێداویستییەکانی ڕۆژانەیان، یاخود بە دیاریکراوی لە هەوڵەکانیان بۆ دۆزینەوەی کاسبییەک و دابینکردنی سەرچاوەی بژێوییان، پشت بە خودا ببەستن. بەڵام روونە کە هەڵوێستی قورئان بەو جۆرە نییە، چونکە بە چاوێکی پۆزەتیڤ و پشتیوانییەوە تەماشای چالاکییە ئابووری و بازرگانییەکان دەکات، تەنها ئەوەیە نەهیی لە ڕێگاکانی فێڵ و تەڵەکە و خەڵەتاندن کردووە، یاخود فەرمانی کردووە کە لە کاتی هەندێک لە پەرستش و خواپەرستییدا، واز لە کڕین و فرۆشتن بهێنن[31]. قورئان -بە قسەی زانای ئیسلامیی هاوچەرخ (محەمەد حەمیدەدین)- «هەر تەنها فەرمانی بە موسوڵمان نەکردووە کە بشی خۆی لەم دونیایە لەبیرنەکات[32]، بەڵکو باس لەوەش دەکات کە کارێکی دروستە مرۆڤ عیبادەت و خواپەرستی لەگەڵ ژیانی مادییدا بگونجێنێت [و چاوی لەسەر هەردووکیان بێت]، دروستە مرۆڤ کاری بازرگانی بکات، تەنانەت لە وەرزی حەجکردنیشدا، بەڵکو زیاتر لەوەش ڕۆیشتووە تا ئەو ڕادەیەی قازانجە بازرگانییەکانی بە فەزڵ و نیعمەتی خودا ناوبردووە»[33].

بەڵام قورئان بە شێوەیەکی تایبەتی، چەند ئایەتێک لەخۆدەگرێت کە زۆر جار -وەک دواتر دەیبینین- بەکارهێندراون بۆ حەرامکردنی «سوو». بەڵام دڵنیا نین و نازانین لە ڕاستیدا مانای سوو چییە. سوو بە مانای جۆرە «زیادبوون increase»ێک دێت، بەڵام دیارە کە مەبەست لەو زیادەیە ئەو سوودە سادە و ئاسایە نییە کە لەمرۆدا دەیبینین، بەڵکو پێدەچێت

زیاتر ئاماژە بێت بۆ زیادکردن و چەندهێندەکردنی قەرزێک (سەرمایە و دەستمایە بێت یان قازانجێک بێت، بە شێوەیەکی نەختینەیی بێت وەک پارە یان شمەک بێت) ئەگەر کەسی قەرزدار نەیتوانی لە کاتی خۆیدا بیداتەوە بە قەرزدەر. هەربۆیە حەرامکردنی سوو وەک یەکێک لە شتە هەرە نەهی لێکراوەکانی قورئان (لە هەمان کاتدا وەک زۆرینەی ئایینەکانی دیکە) پاسایەکی هەنووکەیی و زووتێپەڕ بووە و زەروورەتی بارودۆخێکی کاتیی هێناویەتییە پێشەوە. بەڵام دواتر بەهایەکی گشتگیر و سەرتاپاگیری پێ بەخشراوە، چونکە باوەڕیان وەها بووە کە حوکمە ڕەهاکانی قورئان ناکرێت بۆ وەها بارودۆخێکی بەرتەسک لە ڕووی کات و شوێنەوە دەربکرێن. ئەو ئایەتە قورئانییانەی کە باسیان لە سوو کردووە، هەندێک جار ڕوویان لە موسوڵمانان بووە و هەندێک جاری دیکەش ڕوویان لە بتپەرستەکان (pagans) بووە (بەتایبەت کاتێک قسەیان لەسەر سووی سەردەمی پێش ئیسلام کردووە، کە دەڵێن لە مەککە گەلێک بەربڵاو بووە)، هەندێک جاری دیکەش ئەم ئایەتانە ڕوویان لە مەسیحییەکان و جوولەکەکان بووە. سەبارەت بە جوولەکەکان شتەکە لەوەش زیاتر تێپەڕیوە بە ئاستێکی زۆرتر سەرکۆنە کراون، چونکە لە ئامۆژگارییەکانی ئایینەکەی خۆشیان دەرچوون کە سووی وەک شتێکی پیس داناوە و حەرامی کردووە. زۆر کەس پێیان وایە هۆکاری پشت حەرامکردنی سوو، بریتی بووە لە لێدان لەو [دەوڵەمەندە ناموسوڵمان]ـانەی کە ڕەتیاندەکردەوە باوەڕ بە هیچ مەرجێکی ڕەوا بکەن بۆ ئەوەی قەرز بدەنە موسوڵمانەکان، کە ئەو کات هێشتا جڤاکێکی (community) گەلێک بچووک بوون و لە مەدینە (یثرب) بە دووژمنەکانیان دەورە درابوون، و هەوڵیان دەدا پارە لە پشتیوانان (الأنصار- sympathizers) کۆبکەنەوە. بەڵام مەبەستێکی دیکەی ئەمە، وەک ئەوەی لە دەقەکەدا بە ڕوونی نووسراوە، بریتییە لە هاندانی موسوڵمانان بۆ دانی زەکات، وەک بەخشین و کۆمەکێک بۆ هەژاران و نەداران، کە ئەمەش لەلایەن خانەی دارایی (بيت المال)ـەوە ڕێکدەخرا، کە خودی پێغەمبەر بەڕێوەی دەبرد (کە بۆ مەبەستی دیکەش بەکاردەهات)؛ هەروەها وەک هاندانێکیش بوو تا زیاتر چاویان لە زەکات بێت وەک لە بەگەڕخستنی زیادەی پارەکانیان لە بەقەرزدانی سووخۆریدا، چونکە ڕاستە [سووخۆری] سوودێکی زیاتر دەهێنێت، بەڵام کەمتر ڕەزامەندیی خودای لەسەرە.

وەنەبێت سوونەت و فەرموودەکانیش زیاتر لە قورئان هەڵوێست و بۆچوونێکی ڕوونیان بەرامبەر سەرمایەداری دەستنیشان کردبێت. ئەمە جگە لەوەی [سوونەت] هیچ جۆرە پەلپ و ناڕەزایەتییەکی لەسەر خاوەندارێتیی تایبەت نییە. ئەوەش ڕاستە کە خاوەندارێتی بە شێوەیەکی گشتی [لە دیدگای ئیسلامەوە] بەرئەنجامی هەوڵ و ڕەنجی تاکەکەسی مرۆڤ نییە، هێندەی بریتییە لە نیعمەتێک و خودا بە ئیرادەی خۆی ناردوویەتی. لە ڕاستیدا هەر موڵکێک سووی لەسەر حەرام کرابێت، زەکاتی لەسەر فەرز کراوە. بە شێوەیەکی تایبەتی ئەوەش ڕاستە کە موڵکێک یان خاوەندارێتیی شتێک چۆن دەشێت هاوبەش بێت لەنێو خێزانێکدا، هاوکات

دەشێت تاکەکەسی بێت و تایبەت بێت بە کەسێک، ئەم هاوبەشییە بەربڵاوە، بە شێوەی جیاجیا لەلایەن یاساوە پارێزگاریی لێدەکرێت. هەروەها لە وڵاتە موسوڵمانەکاندا بە شێوەیەکی عورفیی، زەوییەکان هاوبەش و دەستەجەمعیی بوون بۆ هۆز و گوندەکە، یاسای شەرعیی دانی بەمەدا نەناوە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا هەر پارێزراو بووە. هاوکات هەندێک لە سەرچاوە بنەڕەتییەکانی وەک گژوگیا (پوش) و ئاو، خاوەندارێتیی تاکەکەسییان بەسەرەوە حەرام کراوە، دەوڵەتی ئیسلامی دەسەڵات و کۆنترۆڵی یەکەم و کۆتایی بووە بەسەر زەوییەکانەوە. مافی خاوەندارێتی بەستراوەتەوە بە چەند شتێکی دیکەوە، وەک مافی هەموو مرۆڤێک بۆ ژیان، ئەگەر برسێتی تینی بۆ هێنا، ڕێگەپێدراوە کە (تەنانەت بە ڕێگەی هێزیش ئەگەر لە حاڵەتێکدا هیچ ڕێگەیەکی دیکە نەمایەوە) دەست بۆ هەر شتێک ببات کە برسێتییەکەی خۆی پێ تێردەکات، تەنانەت ئەگەر لەسەر حسابی خاوەنی «شەرعی»ی ئەو خۆراکەش بێت[34]. ئەم ڕێوشوێن و کارانە لەلایەن تیۆلۆژە مەسیحییەکانیشەوە بانگەشەی بۆ کراوە، جگە لەوەش چەندین یاسای دیکەی ئایینیی و عەلمانی ئەم خاڵەیان لەناو خۆیاندا جێکردۆتەوە. بەڵام هەموو ئەمانە لە ڕووی عەمەلییەوە ڕێگە لەوە ناگرێت کەسێکی موسوڵمان کە خاوەنی موڵک و ماڵی تایبەت بە خۆیەتی، لە هەر بارێکدا، بە گوێرەی مۆدێلی سەرمایەداری سەرمایەگوزاری بە موڵک و ماڵەکانییەوە بکات، بەبێ ئەوەی لە بازنەی شەرعیش دەربچێت، بەبێ ئەوەی هیچ کۆتێکی یاسایی و شەرعی، ئەخلاقی و عورفیی زیاتر لە کۆتەکانی تاکەکەس لەناو ئایینیی مەسیحییدا، ڕێگە لەم چالاکییەی بگرێت. بێگومان لە ڕووە ئایینییەکەوە، هیچ کۆت و بەندێکی تایبەت لەسەر خاوەندارێتیی ئامڕازەکانی بەرهەمهێنان نییە.

هەروەها کاری کرێ (wage-labour) [لە ئیسلامدا] شتێکی زۆر سروشتیی و ئاساییە، تەنها و تەنها وەک حاڵەتێکی ئاسایی بەکرێدان لێی دەڕوانرێت. تۆ هێزی کاری مرۆڤێک بە کرێ دەگریت، هەروەک چۆن خانوویەک یان تەکسییەک بە کرێ دەگریت. لەم پرۆسەیەدا هیچ کۆتوبەندێک نییە، جگە لەو کۆتوبەندە زانراوانەی کە سەرچاوەکەیان بریتییە لە کۆمەڵە بەها و لەبەرچاوگرتنێکی ئەخلاقی و ئایینیی، یاخود کۆمەڵە بەها و پرەنسیپێکی پەیوەست بە مافەکانەوە. قسە و مشتومڕێکی زۆریش وروژاوە دەربارەی ئەو کۆتوبەندەی کە لە واقیعدا پرسی بەکرێدان تێدەپەڕێنێت، ئەویش حەرامکردنی «بەختبازی[35]»یە. پەیوەست بە حەرامکردنی «قومار»ەوە کە لە قورئاندا هاتووە، سووننەت گەلێک فراوانتر ڕۆیشتووە، بە جۆرێک هەموو قازانجێک حەرامکراوە کە لە ئەنجامی سودفە و ڕێککەوتەوە بەدەستبێت، یاخود لە ڕێگەی فاکتەر و میکانیزمی نادیار و دەستنیشاننەکراوەوە. هەربۆیە بۆ نموونە ناشێت داوا لە کرێکارێک بکەیت ئاژەڵێکت بۆ سەربڕێت، لە بەرامبەر ئەوەی نیوەی پێستەی ئاژەڵەکەی دەدەیتێ، یاخود داوای لێبکەیت بڕێک گەنمت بۆ بهاڕێت و بۆت بکات بە ئارد، لە بەرامبەردا بەڵێنی پێدەدەیت کە کەپەک و توێکڵە گەنمەکەی

دەدەیتێ. چونکە کێ دەزانێت ڕەنگە پێستەکە خراپ ببێت و هیچ بەهایەکی بۆ کرێکارەکە نەبێت و ڕەنج بەخەسار بمێنێتەوە، هەروەها ناشزانرێت کە بە دیاریکراوی بەرهەم و بڕی کەپەکی گەنمەکە چەندێکە و چەندی لێ دەمێنێتەوە بۆ کرێکارەکە. چالاکیی ئابووری، ویستی قازانجخوازی و گەڕان بەدوای قازانجدا، بازرگانی و بە گشتی بەرهەمهێنان لەپێناو بازاڕدا، کۆمەڵە شتێکن سوونەت و قورئان هەردووک لێی ڕازین و لارییان لێی نییە. بگرە لە هەندێک فەرموودەدا دەستەواژەی گەلێک پەسنئامێز بە شان و باڵی فرۆشیاردا دەگوترێت. لە زمانی پێغەمبەرەوە دەگێڕنەوە کە گوتویەتی: «بازرگانی سەرڕاست و دەستپاک، لە ڕیزی پێغەمبەران و ڕاستگۆیان و شەهیداندایە»[36]، هەروەها دەڵێت: «بازرگانی ڕاستگۆ و سەرڕاست، ڕۆژی قیامەت لە سایەی سێبەری عەرشی خوادادا دەبێت[37]». لە جێگەیەکی دیکەشدا: «بازرگانان پەیامبەری ئەم جیهانەن، ئەوان ڕاسپێدراوی جێباوەڕی خودان لەسەر زەوی»[38]. سوونەت و فەرموودەکان، لەناو گشت کەسابەت و ئامرازەکانی پەیداکردنی بژێوییدا، بازرگانی لە پلەیەکی لەپێشینەدا دادەنێن: «پەیداکردنی پارەی حەڵاڵ هیچ جیاوازییەکی نییە لەگەڵ ئەنجامدانی جیهاددا، ئەگەر ئەو پارەیەشت بۆ خێزان و منداڵەکانت خەرجکرد، ئەوا چاکەیەکی گەورەت کردووە. لە ڕاستیدا پەیداکردنی درهەمێکی حەڵاڵ لە ڕێگەی بازرگانییەوە، باشترە لە 10 درهەم کە لە ڕێگەی دیکەوە بەدەستدەهێنرێت[39]». چەندین فەرموودەی دیکە هەن سەبارەت بە سەرسامیی پێغەمبەر و جێنشینانی بۆ بازرگانی. لە (عومەری کوڕی خەتاب)ـەوە دەگێڕنەوە: «ئەگەر داوام لێبکەن جێگەیەک هەڵبژێرم تا تێیدا بمرم، هیچ شوێنێک خۆشتر نییە لام هێندەی ئەو شوێنەی تێیدا سەرقاڵی کەسابەتم و شانبەشانی خێزانەکەم شت دەکڕم و شت دەفرۆشم»[40]. ڕەنگە جۆرێک لە نۆستالیژیا کاریگەریی لەسەر ئەم کەسە دیارانە هەبووبێت، کە ئەمەیان لە بزنسمانە ئەمریکییەکانەوە وەرگرتووە، کاتێک بیریان لەو دونیا کردۆتەوە. هەروەها لەسەر زمانی محەمەدەوە دەگێڕنەوە: «ئەگەر خودا ڕێگەی بدایە خەڵکی ناو بەهەشت بازرگانییان بکردایە، ئەوا بازرگانیی قوماش و چندراویان دەکرد»[41]. ئەگەر بگەڕێینەوە بۆ (محەمەد حەمیدەدین)، کە زانایەکی ئیسلامیی هاوچەرخە، زۆر بە کورت و پوختی هەڵوێستی سوونەت دەردەبڕێت: «پێغەمبەر وەسف و سەنای مشەخۆرەکان ناکات، بەڵکو وەسف و سەنای ئەو بۆ ئەو کەسانەیە کە دەوڵەمەندبوونیان بەکاردەهێنن بۆ هاوکاریکردنی کەسانی هەژار و نەدار». بەڵام بێگومان وەک هەمیشە لێرەدا دەقی پێچەوانە هەیە، پێچەوانەی ئەمەی لە سەرەوە باسمان کرد[42]، بەڵام -جگە لە هەندێک حاڵەتی دەگمەن، کە ڕەنگدانەوەی سەرەتاکانی ئاراستەیەکی ڕوو لە تەرکەدونیایین- دەبینین ڕەخنەکە زیاتر ڕووی لە فرۆشیاری فێڵباز و ساختەچییە، نەوەک لە خودی بازرگان و بازرگانی.

بەڵام هەندێک مامەڵەی بازرگانیی دیاریکراو هەن، کە فەرموودە حەرامی کردوون. ئاشکراشە کە ئەم حەرامکردنە بە پلەی یەکەم ئەو مامەڵانە دەگرێتەوە

کە بە جۆرێک لە جۆرەکان گومانی فێڵیان لێ دەکرێت، هەروەها بازرگانیکردن بەو شتانەشەوە دەگرێتەوە کە بە گوێرەی ئایین بە «پیس» لەقەڵەمدراون، وەک (مەی، گۆشتی بەراز، ئاژەڵی مردارەوەبوو)، هەروەها مامەڵەی بازرگانیی ئەو شتانەشی حەرامکردووە کە هاوبەشن لەنێو هەموو خەڵکیدا، وەک (ئاو، ئاگر[43]، گژوگیا/پوش). هەروەها نەهی لە چەند شتێکی دیکەش کراوە کە بەربەستن لەبەردەم گەشانەوە و کارکردنی ئابووریی ئازاددا، وەک قەدەغەکردنی خراپ بەکارهێنانی بازرگانیی خواردەمەنییەکان، بە پلەی یەکەمیش ڕێگری لە قۆرخکاری. بەڵام بە ئاستێکی گەورەتر فرۆشتنی ئەو شتانە قەدەغەکراوە کە گومانیان لێ دەکرێت، بۆ نموونە فرۆشتن بە شێوەی زیادکردنی ئاشکرا (المزایدة العلنیة)، چونکە فرۆشیار نازانێت بەهای ئەو پارەیەی لە بەرامبەر کاڵاکەیدا وەریدەگرێت بە دیاریکراوی چەندە؛ هەروەها فرۆشتنی کەلوپەلێک کە بڕەکەی یاخود کێشەکەی نەزانراوە و دیارینەکراوە (بە مانایەکی دیکە نرخێک لەسەر کاڵاکە دیاریکراوە، بەڵام کاڵاکە بە تەواوی دەستنیشان نەکراوە کێش و بڕ و کوالیتییەکەی چۆنە؛ بۆ نموونە فرۆشتنی بەری خورما کاتێک بە دارخورماکەوەیە و لێنەکراوەتەوە و نەکێشراوە). فەرموودەکان جەخت لەسەر حەرامبوونی گرێبەستە خۆبەختییەکان دەکەنەوە، کە نموونەکەی پێشوومان دەچێتە ئەو چوارچێوەیەوە. بەڵام هەندێک لە فەرموودە و سوونەتەکان بارێکی تایبەتیان بە «بەختبازی» بەخشیوە؛ بۆ نموونە فرۆشتنی کۆیلە یاخود ئاژەڵی هەڵاتوو، یاخود فرۆشتنی بەچکەی ئاژەڵ لەناو سکی دایکەکەیدا و ...هتد. ناکۆکی و جیاوازییەکی زۆر هەیە لە بارەی وردەکارییەکانەوە لەنێوان شەرعناساندا، بەڵام هەموویان لەسەر پرەنسیپەکە هاوکۆکن. لەگەڵ ئەوەشدا تێبینیی ئەوە دەکەین کە بنەما قورئانییەکەی ئەم حەرامکردن و قەدەغەکردنە بنەمایەکی لاوازە، چونکە پێیوایە جۆرێکە لە سوو یاخود قومار، ئەمەش پاساوێکی دروستکراو و شکڵییە و لە ڕووی کاتەوە دواکەوتووە. بنەمای ئەم حەرامکردنە لە فەرموودەکانی پێغەمبەردا، گومانێکی زۆر هەڵدەگرن، چونکە دواتر چەندین تیۆر و پراکتیکی وەها هاتنە پێشەوە، کە سەرچاوەکەیان جێگەی گومان بوو، پەیوەست کرانەوە بەو ئایەتانەوە و وەک پاڵپشتی و پیرۆزکردنێکیش، چەندین فەرموودەی ڕوون و گومان هەڵنەگری بۆ بەکارهێندرا.

بەڵام پەیوەست بە «سوو»ـەوە، شتەکە پێچەوانەیە. دەبینین حەرامکردنی سوو لە قورئاندا هاتووە، شەرعناسەکانیش هەوڵێکی زۆریان داوە تا لە ڕێگەی تەفسیرەوە لێکدانەوەی بۆ بکەن و ماناکەی دەستنیشان بکەن. لەڕاستیدا ئەوان بیریان چووە کە سوو بە دیاریکراوی بە مانای چی دێت. هەندێک گێڕانەوەش باس لەوە دەکەن ئەو ئایەتە قورئانییەی سووی پێ حەرامکراوە، لە دوایین ئەو ئایەتانە بووە کە بۆ محەمەد دابەزیوە، پێش ئەوەی بواری ئەوەی هەبێت تەفسیری بکات کۆچی دوایی کردووە[44]. هەربۆیە چەندین لێکدانەوەی جۆراوجۆر هەن بۆ وشەکە و بۆ حکومدانیش. وەها دەردەکەوێت کە سەرەتا بەو جۆرە لە سوو تێگەیشتوون کە بریتییە

لە هەر سوودێک کە لە ڕێگەی قەرزپێدان و خۆراکپێدانەوە دەستدەکەوێت. بەڵام دواتر پێناسەی سوو هەمەجۆریی زیاتری بەسەردا هاتووە و زیاتر وردکراوەتەوە، ئەوەش لە ڕێگەی زنجیرەیەک بەڵگەسازیی لۆژیکیی ئاڵۆز و کارتێکەری دەرەکییەوە، کە وەهای کردووە زەحمەت بێت ئاڕاستە و پاڵنەرەکانی بناسرێتەوە. هەرچۆنێک بێت پێناچێت ئەو ئەنجامانەی پێی گەیشتوون شتێکیان تێدابێت کە بە دەقی قورئانیی پاڵپشت بێت، هیچ ڕێگەیەکیش نییە بۆ پاساودانەوەی جگە لەو فەرموودانەی دەگەڕێنەوە بۆ محەمەد، بەبێ ئەوەی هیچ ئامرازێک هەبێت بۆ دڵنیابوونەوە لە دروستیی ئەم فەرموودانەش. بە شێوەیەکی گشتی قاڵبێک بۆ مانای سوو دۆزرایەوە کە بریتیبوو لە هەر دەستکەوت و قازانجێک، کە لایەنێکی گرێبەستێک یان مامەڵەیەک دەستیدەکەوێت لە ئەنجامی فرۆشتن یاخود ئاڵوگۆڕی خواردەمەنی یان ئاڵتون و زیو. ئەم جۆرە مامەڵانە تەنها کاتێک حەڵاڵ دەبێت کە هاوسەنگی و وەکیەکییەکی تەواو هەبێت لەنێوان ئەو شتەی هەریەک لە دوو لایەنەکە دەیدەن بە یەکتر. زانایانی فیقهـ زیادەڕەوییان کردووە لە دەستنیشانکردنی وردەکارییەکانی ئەم هاوسەنگییە، هەندێک جار باس لە مەرجی «یۆتۆپی» دەکەن، کە ئەستەمە جێبەجێ بکرێت، بە هەمان شێوە لە گەڕانەوە بۆ ئەو فەرموودانەش زیادەڕەوی دەکەن کە دەیاندەنە پاڵ هاوەڵانی پێغەمبەر. لە لایەکی دیکەوە کۆمەڵێکی دیکە هەن تەنها تەماشای پرەنسیپی کات دەکەن[45]، و هەموو مامەڵە و سەودایەک حەرام دەکەن کە ڕاستەوخۆ و بە کاش پارەکەی [بەرامبەرەکەی] نەدرێت. لەڕاستیدا ئەو فەرموودانەی لەم بوارەدا دەگێڕدرێنەوە، چەندین گۆشەنیگا لەخۆدەگرن، هەربۆیە بوارێکی زۆریان لەبەردەم گوماندا کردۆتەوە، بەتایبەت کاتێک بابەتەکە پەیوەست نەبێت بە کاڵا خۆراکییەکانەوە، یاخود بە زێڕ و زیوەوە.

مرۆڤ دەتوانێت تەنها لە ژمارەیەکی کەمی فەرموودەکاندا بەربەستێک بدۆزێتەوە لەبەردەم «کێبڕکێ»دا، مەگەر ئەو فەرموودانەی کە داوای ڕاستگۆیی ڕەها دەکەن لە بازرگانی و مامەڵەدا، فەرمانیش دەکەن کە نابێت [خاوەن کاڵا] بە کاڵاکەیدا هەڵبدات و وەسفی بکات، بگرە دەبێت کەموکورتی و خراپییەکانیشی دەربخات[46].

## پەراوێزەکان:

1. بۆ ئاگاداربوونی زیاتر لەو ڕوانگەیە بگەڕێرەوە بۆ بیروبۆچوونی ڕیفۆرمخوازە کۆمەڵایەتییە میسرییەکان، لە نموونەی (محەمەد عەبدە و محەمەد ڕەشید ڕەزا).

2. ئەم ئاراستەیە بە پلەی یەکەم زانای ئایینیی پاکستانی (محەمەد حەمیدەدین) گوزارشتی لێدەکات، هاوکات تەواوی ئەدەبیاتی ئیخوان موسلیمین بەم ئاراستەیەدا دەڕوات، بەتایبەت پەیامەکەی (حسەن بەننا) بە ناوی «بەرەو ڕووناکی»، هەروەها کتێبی «سۆسیالیزمی ئیسلام»ی دکتۆر (مستەفا ئەلسوباعی).

3. لەو زانا ئەوروپییانە (لویس ماسینیۆن)، کە خۆی کەوتۆتە ناو کۆمەڵێک هەڵوێستی لێکدژەوە، هەروەها (ژان پۆڵ ڕۆ) و (ژان ئۆسترۆی) و (ژاک بێرک).

4. دیارترین ئەو کەسانەی هەڵگری ئەم بۆچوونەن، بریتیین لە (ئێرنست ڕینان) و (ڕینە شارڵ).

5. بگەڕێرەوە بۆ کۆمەڵە وتاری «خۆرهەڵاتی ناوەڕاست لە قۆناغی ڕاگوزەردا» (لەندەن 1958)، کە وتارێکی تێدایە دەربارەی «یەکێتیی عەرەب و ناکۆکییەکانیان» لە نووسینی (هانس تووچ)، لەگەڵ وتارێکی دیکەی (نەبیە ئەمین فارس) بە ناونیشانی «کۆمەڵی ئیسلامی و کۆمۆنیزم».

6. بۆ نموونە بگەڕێرەوە بۆ تۆماری دیبەیتە گرنگەکەی «بۆردۆ» لە ساڵی 1956 دەربارەی (گەشانەوە و دارمان لە مێژووی ئیسلامدا)، پاریس 1957، بەتایبەت قتارەکەی (کلود کاهین): «فاکتەرە ئابووری و کۆمەڵایەتییەکانی چەقینی شارستانێتیی ئیسلامی».

7. Julian Hochfeld

8. mode of production

9. سەرمایەداری پیشەسازی (industrial capitalist) جیاوازە لە سەرمایەداریی پیشەسازی (Industrial capitalism). (و.ک).

10. New Economic Policy (NEP)

11. socio-economic formation

12. die historisch alteste freie Existenzweise des

13. pre-capitalist socio-economic formations

14. antediluvian

15. Max Weber

16. Sombart

17. mode of production

18. sector

19. economic system

20. capitalist socio-economic formation

21. capitalistic sector

22. هەڵبەت نووسەر و وەرگێڕی ئەم دێڕانە بۆچوونی تایبەتیان هەیە لەسەر ئەم چەمکانەی لەناو ترادسیۆنی ئایینی ئیسلام و ئایینە ‹ئاسمانییەکان›ی دیکەدا باون، بە نموونە «خودا»، بەڵام ئێرە شوێنی مشتومڕی ئەو باسە نییە و دەبێت بۆ گەیشتن بە ئامانجێک و چارەسەرێکی پرسەکە، بە ناچاری ئەو چەمکانە بەکاربەرین. (و.ک).

23. گوشارە کۆمەڵایەتییەکان، ئەگەر هەڕەمەکی بن یاخود ڕێکخراو، وەهای کردووە گەلێک ئەستەم بێت لەناو زمانی نووسینی هیچ کام لە وڵاتە موسڵمانەکاندا لێکۆڵینەوەیەکی ڕەخنەیی جدیی پەیوەندیدار بە ئایینی ئیسلامەوە بڵاوبێتەوە، جا لێکۆڵینەوەیەکی زانستیی بێت یان میللیی و گشتی. ئەو لێکۆڵینەوە ئایینیانەش کە لەلایەن زانا ڕۆژهەڵاتناسەکانەوە ئەنجامدراون، ڕووبەڕووی گومان و شوبهە کراونەتەوە، تەنانەت لەلایەن ڕەگەزە هەرە لیبراڵ و پێشکەوتووخوازەکانیشەوە، تۆمەتبارکراون بە بوونی ئەنگێزەی کۆلۆنیالیستی و ڕەگەزپەرستی بۆ شیواندن و لێدان لەم ئایینە نەتەوەییە. خۆی لەڕاستیدا زۆر جار ئەمە ڕاست بووە. بە شێوەیەکی بەشەکی لەبەر ئەم هۆکارە -دەبێت ئەوەش بڵێین کە بە شێوەیەکی دروستکراو و ساختە ئیسلامیزم کرابووە دەرەوەی بازنەی هەموو جۆرە ڕەخنە لێگرتنێکەوە- تیۆلۆژیستە (theologians) موسڵمانەکان شکستیان هێناوە لە جێکەوتکردنی دۆکترینێک، کە وەهامان لێبکات تارادەیەک بڵێین ئەم گێڕانەوانە خەسڵەتێکی ئەفسانەییان هەیە. بەڵام بەوە توانییان پارێزگاریی لە بنەما و جەوهەری بیروباوەڕی موسڵمانێتی بکەن، بە هەمان

ئەو شێوەیەی کە تیۆلۆژیستە کاتۆلیکییەکان پارێزگارییان پێ لە تیۆرەکانی خۆیان دەکرد لە بەرامبەر ژانرە ئەدەبییە جیاجیاکاندا.

24. «نابێت ئاوات بەو شتانە بخوازن کە خودا بەوانە هەندێک لە ئێوەی بەرامبەر هەندێکی دیکەتان سەرخستووە [وَلَا تَتَمَنَّوْا مَا فَضَّلَ اللَّهُ بِهِ بَعْضَكُمْ عَلَى بَعْضٍ]» (النساء: 32).

25. «هەتا ئێستا هەر کەسێکمان لە پێغەمبەرانی خۆمان ناردۆتە هەر ئاوەدانییەک، [تا] لە ئێمەیان بترسێنێت، هەر ئەوانەی لەوپەڕی خۆشیدا ژیاون گوتویانە: بەو شتانەی [ئێوە ڕاسپێردراون] باوەڕ ناکەین. گوتوشیانە ئێمە لەمەڕ ماڵی دنیا و منداڵەکانمانەوە لە ئێوە پترمان هەیە و هەرگیز تووشی ئازار نابین. [وَمَا أَرْسَلْنَا فِي قَرْيَةٍ مِنْ نَذِيرٍ إِلَّا قَالَ مُتْرَفُوهَا إِنَّا بِمَا أُرْسِلْتُمْ بِهِ كَافِرُونَ (34) وَقَالُوا نَحْنُ أَكْثَرُ أَمْوَالًا وَأَوْلَادًا وَمَا نَحْنُ بِمُعَذَّبِينَ]» (سبأ: 34-35).

26. «بشزانن ماڵ و منداڵتان هۆی فیتنەن؛ پاداشتی زۆر لای خودایە [وَاعْلَمُوا أَنَّمَا أَمْوَالُكُمْ وَأَوْلَادُكُمْ فِتْنَةٌ]» (الانفال: 28).

«بڵێ: ئەگەر باب و کوڕ و برا و ژن و خزمەکان و ئەو ماڵەی پەیدات کردووە، لەگەڵ کەلوپەلی بازرگانی -کە دەترسن لە برەو بکەوێت- و خانوبەرەی ڕند و دڵخۆشکەرەی خۆتان، [ئەگەر هەمموو ئەمانەتان] پێ لە خودا و پێغەمبەر و جیهاد کردن لە ڕێی خودادا گرنگترە، چاوەڕوان بن تا فەرمان لە خوداوە دێت [قُلْ إِنْ كَانَ آبَاؤُكُمْ وَأَبْنَاؤُكُمْ وَإِخْوَانُكُمْ وَأَزْوَاجُكُمْ وَعَشِيرَتُكُمْ وَأَمْوَالٌ اقْتَرَفْتُمُوهَا وَتِجَارَةٌ تَخْشَوْنَ كَسَادَهَا وَمَسَاكِنُ تَرْضَوْنَهَا أَحَبَّ إِلَيْكُمْ مِنَ اللَّهِ وَرَسُولِهِ وَجِهَادٍ فِي سَبِيلِهِ فَتَرَبَّصُوا حَتَّى يَأْتِيَ اللَّهُ بِأَمْرِهِ]» (التوبة: 24).

27. ڕەنگە بەهۆی پشتبەستن بە وەرگێرانە بیانییەکانی قورئان و بەهۆی لێکچوون و لێکنزیکیی هەردوو دەستەواژەکەوە، وەهای کردبێت نووسەر کرێی (أجر) مادیی کرێکارێک و پاداشتی (اجر) ئەو دونیا تێکەڵ بکات، کە ئەمەی دواییان ئەجر و پاداشتێکی دیکەیە. (و.ع).

تێبینیی وەرگێڕی کوردی: لەڕاستیدا ڕۆدنسۆن زمانی عەرەبی زۆر بە باشی زانیوە و ئاگاداری مانای دەستەواژە لێکنزیکەکان بووە، بەڵام بە دیوێکی دیکەشدا دەکرێت ئەمە جۆرە خوێندنەوەیەکی ماتریالیش بێت بۆ ئەو پرۆسە خوداپەرستییەی لە ئیسلامدا هەیە، کاتێک مرۆڤ کەوە بیروباوەڕێک نا، بەڵکو لە بەرامبەر کرێ و پاداشتدا دینداری دەکات.

28. «یەک لەو دووانە -کە بە شەرمەوە بەرێدا دەڕۆیشت- هاتە لای [موسا] و گوتی باوکم بانگت دەکات، تا لە بەرامبەر ئەو ئاوەی کە بۆ ئێمەت هەڵێنجاوە، کرێت بداتێ. گوتی من خەیاڵم وایە یەکێک لەو دوو کیژانەی خۆم بدەم بە تۆ، بەو مەرجەی تا هەشت ساڵان ڕەنجبەرم بیت، ئەگەر دە ساڵت بردە سەر کەیفی خۆتە و نامەوێت زۆرییت بۆ بهێنم [قَالَتْ إِحْدَاهُمَا يَا أَبَتِ اسْتَأْجِرْهُ إِنَّ خَيْرَ مَنِ اسْتَأْجَرْتَ الْقَوِيُّ الْأَمِينُ (26) قَالَ إِنِّي أُرِيدُ أَنْ أُنْكِحَكَ إِحْدَى ابْنَتَيَّ هَاتَيْنِ عَلَى أَنْ تَأْجُرَنِي ثَمَانِيَ حِجَجٍ فَإِنْ أَتْمَمْتَ عَشْرًا فَمِنْ عِنْدِكَ]» (القصص: 24-26).

29. «دیسان ڕۆیشتن، هەتا گەیشتنە خەڵکی شارێک. زەوادیان لێ داواکردن؛ ڕازی نەبوون رایانگرن. لەوێ چاوتان بە دیوارێک کەوت، خەریکبوو بەلادا دەهات؛ ڕاستی کردەوە [چاکی کردەوە]. گوتی: ئەگەر بتویستبا کرێی ئەم کارەت وەردەگرت [فَانْطَلَقَا حَتَّى إِذَا أَتَيَا أَهْلَ قَرْيَةٍ اسْتَطْعَمَا أَهْلَهَا فَأَبَوْا أَنْ يُضَيِّفُوهُمَا لَوْ شِئْتَ لَاتَّخَذْتَ عَلَيْهِ أَجْرًا]» (الكهف: 77).

30. «یان ئەوەیە داوای کرێ و شتێکیان لێدەکەیت، تا ئەوان لەژێری دەرنەچن و بۆیان زۆر گران بوەستێت؟ [أَمْ تَسْأَلُهُمْ أَجْرًا فَهُمْ مِنْ مَغْرَمٍ مُثْقَلُونَ]» (الطور: 40).

31. «ئەی گەلی خاوەن باوەڕان! هەر وەختێک لە ڕۆژی هەینی بۆ نوێژی هەینی بانگ دەدرێت، ئێوە خێرا بەرەو یادی خودا بچن و کڕین و فرۆشتن جێبهێڵن؛ گەر بیزانن، ئەمە بۆ ئێوە خاسترە [يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا إِذَا نُودِيَ لِلصَّلَاةِ مِنْ يَوْمِ الْجُمُعَةِ فَاسْعَوْا إِلَى ذِكْرِ اللَّهِ وَذَرُوا الْبَيْعَ]» (الجمعة: 9).

32. [وَابْتَغِ فِيمَا آتَاكَ اللَّهُ الدَّارَ الْآخِرَةَ وَلَا تَنْسَ نَصِيبَكَ مِنَ الدُّنْيَا] (القصص: 77).

33. [فَإِذَا قُضِيَتِ الصَّلَاةُ فَانْتَشِرُوا فِي الْأَرْضِ وَابْتَغُوا مِنْ فَضْلِ اللَّهِ] (الجمعة: 10).

34. بەپێی مەزهەبی «حەنبەلی» ئەم کەسە برسییە دەبێت بەڵێنی ئەوە بدات هەر کات توانای هەبوو دەبێت بەهای ئەو خۆراکە بدات کە لە کاتی برسێتیدا پەنای بۆ بردووە. تەنانەت ئەگەر خاوەن موڵکەکە بەرگریی لە خۆی کرد بەهێز و لە ئەنجامدا بە

دەستی کابرای برسی کوژرا، ئەوا کابرای برسی ئەستۆی لە هەر لێپرسینەوەیەکی یاسایی و جینایی پاکە، هەروەها ئەگەر خاوەن موڵکەکە کابرای برسیی کوشت، ئەوا کابرای برسی بە شەهید هەژمار دەکرێت (کتێبی «المغني»ی ئیبن قودامە). هەروەها شیعەکانیش پێیان وایە کە ڕەتکردنەوەی خۆراکپێدانی برسییەک، بەشداریکردنە لە کوشتنی کەسێکی موسوڵماندا (کتێبی «شرائع الاسلام»ی جەعفەری کوڕی محەمەد ئەلحەلی).

35. بەختبازی [یان تاقیکردنەوەی بەخت، یاخود دەرچوون، یان تەنانەت گۆترەکاری] لە کڕیندا، بریتییە لە کڕینی شتێک کە هیچ گرەنتییەک نییە بۆ بەدەستهێنانی، بۆ نموونە وەک کڕینی ماسی لە ئاودا، یاخود باڵندە لە هەوادا، یاخود کڕینی شتی نادیار. هەروەها لە گشت مامەڵەکانی دیکەشدا (و.ع).

36. (سنن الدارمي، کتێبی 18، دەروازەی 8)، هەروەها (ئیبن ماجە و ترمزی) بەم جۆرە گێڕاویانەتەوە: «بازرگانی سەرڕاست لە ڕۆژی قیامەتدا لەگەڵ ڕاستگۆیان و شەهیداندا حەشر دەکرێت». (و.ع).

37. (الدیلمي) لە زمانی (ئەنەس)ـەوە گێڕاویەتییەوە و لە (في الفردوس)دا تۆماری کردووە؛ هەروەها خاوەنی (منتخب کنز العالم) لە پەراوێزی مەسنەدێکی (ئیبن حەنبەل)دا گێڕاویەتییەوە: (بەشی دووەم، لا 209، طبع البابي الحلبي، قاهیرة). (و.ع).

38. دوو سەرچاوەکەی پێشوو، لەگەڵ گێڕانەوەکەی (الدیلمي) لە زاری (ئیبن عەباس)ـەوە. (و.ع).

39. ئەمە دەقی فەرموودەکە نییە، بەڵکو واتە وەرگێڕدراوەکەیەتی لە زمانی فەرەنسییەوە، نووسەر وەریگرتووە لە مەسنەدی (زید بن علي)، فەرموودەی ژمارە (539). (و.ع).

40. (غەزالی) لە «احیاء علوم الدین»دا باسی کردووە، لا 763. (و.ع).

41. (ابو منصور الدیلمي) لە (مسند الفردوس)دا باسی دەکات، ئەویش لە گێڕانەوەیەکی (ابي سعید)ـەوە، هەمان سەرچاوەی پێشوو گواستویەتییەوە. (و.ع).

42. دیارترین ئەو فەرموودانە دوو فەرموودەن: «ئەی تاقمی بازرگانان، بەدی و شەیتان لە کاتی مامەڵە و شت کڕیندا ئامادەن، مامەڵەکانتان بە سەرڕاستی ئەنجام بدەن» [یا معشر التجار إن الشیطان والإثم یحضران البیع فشوبوا بیعکم بالصدقة] (الترمذي ک 12 ب 4).

43. هەڵبەت مەبەست لە ئاگر تەنها تەنها ئاگر نییە بە مانا باوەکەی، بەڵکو بە دیدگای ئەمڕۆ هەموو جۆرە سوتەمەنییەکیش دەگرێتەوە، بەتایبەت پترۆڵ و بەرهەمەکانی. (و.ک).

44. لێرەدا نووسەر مەبەستی لە ئایەتەکانی (276-282)ی سورەتی بەقەرەیە، بەتایبەت ئەو ئایەتە بەناوبانگەی دەڵێت: «چونکە ئەمانە دەڵێن: مامەڵە و کڕین و فرۆشتنیش هەروەک سووە، خودا مامەڵە و کڕینو فرۆشتنی حەڵاڵ کردووە و سووی حەرامکردووە [ذَٰلِكَ بِأَنَّهُمْ قَالُوا إِنَّمَا الْبَيْعُ مِثْلُ الرِّبَا وَأَحَلَّ اللَّهُ الْبَيْعَ وَحَرَّمَ الرِّبَا]». ڕای زۆرینە وەهایە کە ئەم ئایەتانە مێژووەکەیان دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی پێش حەجی ماڵئاوایی، پاشان دواتر لە وتاری ماڵئاواییدا سوو حەرام دەکات، بەڵام هیچ ڕوونکردنەوەیەکی زیاتر نادات. (و.ع).

45. مەبەستی نووسەر لە «کات» واتە کاتی مامەڵەکە و پێدانی بەرامبەرەکەی، جا پارە بێت یان شمەکێکی دیکە، هاوکات نەبێت؛ بە مانایەکی دیکە هەر مامەڵەیەک شمەکەکە لە کاتێکدا وەربگیرێت و پارەکەش لە کاتێکی دیکەدا، بە گوێرەی ئەو شەرعزانانە حەرام دەبێت. (و.ک).

46. بگەڕێرەوە بۆ ڕاڤەی غەزالی سەبارەت بەم فەرموودانە لە (احیاء علوم الدین)دا.

وەرگێڕی عەرەبی: غەزالی بۆ دروستیی باری فرۆشیار 4 مەرج دادەنێت، کە [بە کورتی] بریتیین لە (1:دوورکەوتنەوە لە پیاهەڵدانی ساختە. 2:دوورکەوتنەوە لە داپۆشینی عەیب و عاری کاڵاکە. 3:دوورکەوتنەوە لە چاوبەست و دروستکردنی ناڕوونی لە کێش و قەبارەی کاڵاکەدا. 4:دوورکەوتنەوەی لە چاوبەست و دروستکردنی ناڕوونی لە نرخ و بەهادا).

**سەرچاوە:** کتێبی (الإسلام والرأسمالية)، لە نووسینی (ماکسیم ڕۆدنسۆن).